Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/

Dr. Muhammad Hussein Ahmed

mohammed.kurdish@garmian.edu.krd

| | | |
|---|---|---|
| تاريخ الارسال2024-11-01 | تاريخ التعديل 2024-11-20 | تاريخ القبول 2024-11-27 |

## Abstrac

Interaction is considered the base of all conversational and communicative processes occurred among individuals and communities as well, that's why interactional sociolinguistics is an evitable scientific need to be tackled in the fields of sociolinguistics. It flourished in the early 1970s and filled the gaps of this theory and approaches of discourse analysis, conversational analysis, and variations of sociolinguistics, and it affirmed its being multi-dimensional and fully-integrated.

So, this study entitled (Interactional Sociolinguistics as a Method for Conversational Analysis) tries to introduce and identify the methods that utilized in the analysis of discourse and conversations. The best results achieved was the invention of couple of basics including conversational inference and cues contextualization and their uses as an accurate mechanism for assessing and analyzing meaning behind the speeches and discourses. This kind of analysis mingles all the dimensions, knowledge, historical, social, and cultural backgrounds for having a better comprehension for linguistic signs and factual reflections in the forms of semantic relations.

**Keyword**: Interactional Sociolinguistics, conversational inference, cues contextualization, Conversational Analysis.

**Doi: 10.32894/1992-1179.2024. 19.02.02.51**

## الملخص

يعد "التفاعل" من الأسس الرئيسية لمعظم آليات التواصل بين الأفراد وقيام عملية التخاطب بشكل عام، والحوار بشكل خاص. لذا فإن "اللغويات الإجتماعية التفاعلية – Interactional Sociolinguistics" منذ سبعينات القرن الماضي عمل كأداة عملية لسد الفراغ الموجود في اللغويات الإجتماعية. وقد استطاع وإلى حد كبير الإستجابة لحاجات طرائق ومناهج متعددة، مثل (تحليل الخطاب، تحليل الحوار، التنوع اللغوي الإجتماعي)، وسد الثغرات الموجودة في هذه المناهج، وثبتت أركان مهمة، وتعدد الأبعاد لهذه النظريات.

هذا البحث بعنوان (اللغويات الإجتماعية التفاعلية منهجا لتحليل الحوار) محاولة جادة لتعريف باللغويات الإجتماعية التفاعلية وأثره في تحليل الحوار. لقد تم تحليل الحوار وفق نظريات ومناهج لغوية متعددة، ولكن اللغويات الإجتماعية التفاعلية من بين هذه المناهج استطاع الحصول على نتائج أكثر علمية وأفضل من حيث الدقة، وذلك من خلال إيجاد ركيزتي (منتجات الحواري – Conversational inference) و (إشارات السياقي – contextualization cues) واستخدامهما كآلية دقيقة في تحليل المعاني واختيار المفاهيم المتوارية في الحوار.

يتميز هذا المنهج التحليلي بكونه متعدد الأبعاد ويناول جوانب مختلفة ويدمج الخبرات والمعارف والخلفيات التأريخية والثقافية للأطراف المشتركة في الحوار، لمعرفة العلامات والرموز اللغوية وغير اللغوية بغية الوصول إلى معاني والدلالات الحقيقية، ثم إجراء التحليل الوافي والقراءة المستفيضة لتلك المعاني والدلالات.

الكلمات الدالة: (اللغويات الإجتماعية التفاعلية، منتجات الحواري، إشارات السياقي، تحليل الحوار)

# کۆزمانەوانیی کارلێکی وەك میتۆدێکی شیکردنەوەی گفتوگۆ

د. محمد حسين احمد*

mohammed.kurdish@garmian.edu.krd

## پوختە

کارلێککردن بە بنەمای سەرەکیی سەرجەم لێکنزیکبوونەوەی تاکەکان و جێبەجێکردنی پێواژۆ ئاخاوتنییەکان بەگشتی و "گفتوگۆ" بەتایبەتی هەژماردەکرێت، بۆیە کۆزمانەوانیی کارلێکی وەك پێویستییەکی زانستی و پڕکردنەوەی بۆشاییەکی لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانی، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵدا و تا ڕادەیەکی باش سەرجەم کەلێن و کەموکورتییەکانی تیۆر و میتۆدەکانی وەك (شیکاریی گوتار، شیکاریی گفتوگۆ، کۆزمانەوانیی هەمەجۆری، ...) پڕکردەوە و چەند بنەمایەکی فرەڕەهەند و دەوڵەمەندی تەواوکەری بۆ تیۆرەکەی چەسپاند.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکی و ڕۆڵی لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا. شیکردنەوەی گفتوگۆ بە چەندین تیۆر و میتۆدی زمانەوانی هەوڵی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دراوە، بەڵام باشترین و زانستیترین ئەنجامەکان لە لێکۆڵینەوەکانی کۆزمانەوانیی کارلێکییەوە

* مدرس جامعة كه رميان كلية التربية الأساسية قسم اللغة الكوردية

بەدەستهاتوون، ئەمەش لە ڕێگەی داهێنانی هەردوو بنەمای "ئەنجامگریی گفتوگۆیی" و "ئاماژە دەوروبەرییەکان" و بەکارهێنانیان وەکو میکانیزمێکی وردی شیکردنەوەی واتاکان و هەڵێنجاندنی چەمکە شاراوەکانی گفتوگۆ، جیاوازیی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە فرەڕەهەند و هەمەلایەنە و سەرجەم کۆزانین و زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و پاشخانییەکانی بەشداربووان پێکەوە تێکەڵدەکات، بۆئەوەی بەسانایی لە کۆد و هێما زمانی و نازمانییەکان تێبگات و واتا دروست و ڕاستەقینەکان بدۆزێتەوە، پاشان لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی تەواوی بۆ بکات.

کلیلەوشە: (کۆزمانەوانیی کارلێکی، ئەنجامگریی گفتوگۆیی، ئاماژە دەوروبەرییەکان، شیکردنەوەی گفتوگۆ)

## پێشەکی

1-0) **ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (کۆزمانەوانیی کارلێکی وەك میتۆدێکی شیکردنەوەی گفتوگۆ) هەوڵێکە بۆ ناساندنی میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکی و ڕۆڵی لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا.

2-0) **هۆ و ئامانجی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** هەرچەندە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تاکو ئێستا لێکۆڵینەوە لە بواری کۆزمانەوانیی کارلێکی بەردەوامە و چەندین ئەنجامی زانستیی بەپێز بەدەستهاتوون، بەڵام تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا (بەپێی زانیاریی توێژەر) هیچ نوسینێکی زانستی (توێژینەوە، ماستەرنامە، تێزی دکتۆرا، کتێب) بەرچاوناکەوێت، بۆیە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵدراوە چەمك و بوار و بنەماکانی میتۆدەکە بناسێنرێت، شێواز و میکانیزمەکانی شیکردنەوەی گوتاری تێدا ڕوونبکرێتەوە.

3-0) **میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی پەسنیی شیکاری لە بواری کۆزمانەوانیی کارلێکیدا پەیڕەوکراوە.

4-0) **کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە لە بنەڕەتدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە شیکردنەوەی گفتوگۆ بە چەندین تیۆر و میتۆدی زمانەوانی هەوڵی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دراوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە:

- کامیان توانیویانە باشترین و زانستیترین ئەنجام بەدەستبهێنن؟
- ئایا کۆزمانەوانیی کارلێکی وەك تیۆرێکی کۆزمانەوانی توانیویەتی لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا باشترین ئەنجام بەدەستبهێنێت؟

بەڵام وەك پێشتر باسکرا، تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا زۆر بەکەمی گرنگی بە شیکردنەوەی گفتوگۆ و میتۆدەکانی دراوە، تەنانەت هیچ باسێکی زانستی لەسەر کۆزمانەوانیی کارلێکی نەنووسراوە، چ جای پراکتیزەکردن و بەراوردکردنی ئەو میتۆدانە.

0-5) **گریمانەی توێژینەوەکە:** گریمانەکان لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکە بە دوو خاڵ دادەڕێژین:

- بنەما و میکانیزمەکانی کۆزمانەوانیی کارلێکی لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا سەرکەوتوو بووە.
- کۆزمانەوانیی کارلێکی بەراورد بە میتۆدەکانی تر، توانیویەتی باشترین ئەنجام بەدەستبهێنێت و زۆرترین زانیاریی فرەڕەهەندی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و پاشخانی و ... لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا بەردەستخستووە.

0-6) **ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا چەمك و پێناسە و مێژووی سەرهەڵدان و فراوانبوونی زاراوەی "کۆزمانەوانیی کارلێکی" خراوەتەڕوو، لەگەڵ دیاریکردن و جیاکردنەوەی سنوور و بواری کارکردنی لەگەڵ هەریەك لە میتۆدەکانی تری وەك "شیکردنەوەی گفتوگۆ" و "شیکردنەوەی گوتار"دا. لە بەشی دووەمدا بنەما و میکانیزمەکانی شیکردنەوەی گفتوگۆ لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە خراوەتەبەر باس و لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی هەردوو بنەمای "ئەنجامگریی گفتوگۆیی" و "ئاماژە دەوروبەرییەکان"، هەروەها ئەرکی توێژەر و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ داتا و سامپڵی توێژینەوەدا ڕوونکراوەتەوە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## 1- ناساندنی کۆزمانەوانیی کارلێکی و سنووری کارکردنی

### 1-1- دەروازەیەك بۆ کۆزمانەوانیی کارلێکی (بنەمای تیۆری)

هەڵوێستە بەرجەستەکراوەکان بۆ تێگەیشتن لە جیهان، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بارودۆخە گەورەکانی کۆمەڵ و هێزی سیاسی و ئابووری و کردەی پەیوەندیین. جیهانی کۆمەڵایەتیمان لە کۆتاییدا لە ڕێگەی کارلێکەوە شێوەدەگرێت، بۆیە پێویستە هەر تاکێك لەبارەی شێوازی کارکردنی پێواژۆی کارلێککردنەوە شارەزایی هەبێت.

تێگەیشتن لە کردارە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە زانینی زیاتر لەبارەی ئەو ڕێگایانەوە هەیە، کە دەوروبەر لەگەڵ شێوازەکانی تری دروستکردنی واتادا کارلێکدەکات. لەگەڵ ئەم بۆچوونانەدا، شێوازە باوەکەی چەمکی زمان دەتوێتەوە، چونکە زمان چیتر ئەرکێکی واتایی جێگیری نییە بۆ بەکارهێنان. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا، پێویستە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە "باکگراوند"ی باوی "دەوروبەر" بە ئامراز و تیۆری نوێوە بکرێت، لە ئەنجامیشدا پرسیاری جدیی لەسەر بیرۆکەی "دەوروبەر" دێتەئاراوە. توێژەران دەیانەوێت بەدواداچوون بۆ ئەو ڕووداوانە بکەن، کە لە گفتوگۆدا دەردەکەون، نەک تەنها لە ڕووداوەکانی ئاخاوتنی تاکدا، بەڵکو لە کات و شوێنیشدا، هەروەها هەوڵدەدەن نەک تەنها لە خودی بارودۆخەکە تێبگەن، بەڵکو لە زنجیرەی ڕووداوەکان تێبگەن، کە بووەتە هۆی کارلێککردن و درووستبوونی پەیوەندیی نێوان ڕووداوەکانی قسەکردن، هاوکات لە کارلێکدا، پێواژۆی کاتە جیاوازەکان پێکەوەدێن. داڕشتنەوەی دەوروبەر لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پێواژۆکاندا لە مەودایەکی کاتیی بچووکتردا ئاسانترە، بۆ نموونە دانوستان لەسەر ئەو ڕۆڵەی، کە کەسێک لە بارودۆخێکدا دەیگێڕێت، ئاسانترە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورەتری وەك دانوستان لەسەر چاکسازیی قوتابخانە ( Saint-Georges, Ingrid de, Chapelle, Carol A., 2013:5).

کۆزمانەوانیی کارلێکی (Interactional Sociolinguistics)، یاخود (IS) وەك میتۆدێکی شیکردنەوەی گوتار پەرەیسەندووە و سەرەتا لەسەر بنەمای کارەکانی (Erving Goffman) لە بواری (کۆمەڵناسی) و (John Joseph Gumperz) لە بواری (ئەنترۆپۆلۆژی و زمانەوانیدا) دامەزراوە ( Mirvahedi, Seyed Hadi, 2021: 2)، بەم پێیە لە بواری کۆزمانەوانیدا بە پلەی یەکەم لە بەرهەمەکانی (Gumperz)ەوە پەرەپێدراوە.

لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییانەی، کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دروستبوون، کۆمەڵەی ساڵی (1972)ی (Gumperz) و (Hymes) بە ناوی ( Directions in Sociolinguistics: The Ethnography of Communication) چەند بایەخێکی سەرەکیی کۆزمانەوانیی کارلێکییان خستەڕوو، هەمان ساڵ توێژینەوەیەکی نموونەیی سەرەتایی لەبارەی کۆزمانەوانیی کارلێکییەوە لەلایەن هەردوو زمانەوان (Blom & Gumperz) بڵاوکرایەوە، کە ناوەڕۆکەکەی گەڕان بوو بەدوای تیۆرێکدا، کە بتوانێت وەک تەواوکەری پێواژۆی کۆمەڵایەتی و کلتووری مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات، ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی میتۆد و چەمکێکی تەکنیکیی گونجاو هەبوو، بەڵام ئەمە گۆڕا، کاتێک بە تێپەڕبوونی کات لێکۆڵینەوەی زمان و کۆمەڵ فراوان بوو، زۆرێک لەو تێڕوانینانەی، کە لە کتێبەکەی ساڵی (1972)دا نوێنەرایەتیکرابوون خۆیان وەک لق، یان بەشێکی جیا یەکخست، بۆ نموونە:

1. شیکردنەوەی گفتوگۆ (Conversation Analysis) لەلایەن (Sacks and Schegloff)ەوە بایەخپێدرا.
2. کۆزمانەوانیی هەمەجۆری (Variationist Sociolinguistics) لەلایەن (Labov)ەوە پەرەپێدرا.
3. کۆمەڵناسیی زمان (Sociology of Language) لەلایەن (Fishman)ەوە پێشخرا.
4. زمان لە کۆمەڵدا (Language in Society) لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی 1972 تاوەکو 1994، بە ڕابەرایەتیی (Hymes) لە بواری هەمەجۆریی پەیوەندیکردندا مایەوە.
5. لە ساڵی (1982)دا (Gumperz) زنجیرە کتێبێکی بەناوی ( Studies in Interactional Sociolinguistics) دانا و دواتر بە هاوبەشی لەگەڵ هەریەك لە ( Paul Drew, Marjorie Goodwin & Deborah Schiffrin) لێکۆڵینەوەیان لەسەر دینامیکی کۆمەڵایەتیی قسەکردن لە چوارچێوەی بواری ڕۆژانە و دامەزراوەکاندا (کلینیکەکان، قوتابخانە، شوێنی کار، هۆڵی دادگا، چاوپێکەوتنی هەواڵی) ئەنجامدا (بڕوانە: Rampton, Ben, 2017: 1-2).

کۆزمانەوانیی کارلێکی تیۆر و میتۆدێکە بۆ تێگەیشتن لە شێوازی ئاماژەدان و لێکدانەوەی واتا لە کارلێککردندا، لە ڕێگەی شیکاریی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە ئاوێتەی تێڕوانینە زمانەوانی و ئەنترۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسییەکان دەبێت بۆ بنیاتنانی یەک میتۆدی شیکاریی جۆری و پەرەپێدانی ڕێکارە شیکارییەکانی کۆزمانەوانی. ئامانج لێرەدا ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی زمان و فرەچەشنی کولتووری و ژیانی کۆمەڵایەتییە. سەرەڕای ئەوەش (Gumperz) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەم میتۆدە دەتوانرێت بۆ هەر جۆرە کارلێکێک بەکاربهێنرێت، چ بەریەککەوتنی نێوان کولتوورەکان بێت، یان ناوخۆی کلتورێکی دیاریکراو (Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022: 158)، لەم بارەیەوە (Gumperz) دەڵێت: ((شیکردنەوەی کۆزمانەوانیی کارلێکی بۆ هەموو جۆرەکانی پەیوەندیکردن

جێبەجێدەکرێت: یەک زمان یان فرە زمان، وەک ئامرازێک بۆ چاودێریکردنی پێواژۆی پەیوەندیکردن، کە زۆر گرنگن لە ژیانی دامەزراوەییدا)) (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 226).
هاوکات (Gumperz) دانبەوەدادەنێت، کە میتۆدەکە بەدوای ڕاستیی ڕەهای لێکدانەوەکاندا ناگەڕێت، بەڵام هەوڵدەدات سەرجەم گریمانەکانی شرۆڤە واتاییەکان چێوەگیربکات، وەك دەڵێت: (من بانگەشەی ئەوە ناکەم، کە شیکردنەوەی کۆزمانەوانیی کارلێکی دەتوانێت کێشەی ناڕوونیی لێکدانەوەکان چارەسەربکات، بەڵام ئامانجی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و گریمانەکراوە، ئەو گریمانانە گرنگیی ڕووداوەکە هەڵدەسەنگێنن، بێگومان ئەمەش زۆر جیاوازە لە دیاریکردنی ڕاستی یان هەڵە لێکدانەوەی ڕووداوەکان. کۆزمانەوانیی کارلێکی بایەخ بە لێکدانەوەی واقیعی دەدات بە مەبەستی پەیوەندیکردن، بە جۆرێك، کە شیکردنەوەکانی تەنها زانیاریی فەرهەنگیی ناگرێتەوە، بەڵکو لەبری وەرگرتنی پێواژۆی لێکدانەوە، پێشنیازی ئەوە دەکات، کە (1) زۆرترین ئەگەری بوونی شیکردنەوەکان چین (2) گریمانەکان و پێواژۆی دەرئەنجامەکان چین (3) چۆن پەیوەندییان بەو وشە و دەستەواژانەوە هەیە، کە بە دەنگ دەگوترێن (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 223).
کۆزمانەوانیی کارلێکی لێکۆڵینەوەیە لە بەکارهێنانی زمانی مرۆڤەکان لە کارلێکی ڕووبەڕوودا. ڕوانگەیەکی تیۆری و میتۆدۆلۆژییە بۆ بەکارهێنانی زمان، هەروەها ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لە چەندین پسپۆریی جۆراوجۆری وەک (زارناسی، ئێتنۆمیتۆدۆلۆژی، شیکردنەوەی گفتوگۆ، پراگماتیک، ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی، مایکرۆئێتنۆگرافی، کۆمەڵناسی)دا هەیە. لە بنەڕەتدا کۆزمانەوانیی کارلێکی لەو پشکنینەوە دەستیپێکرد، کە کاتێک مرۆڤەکان قسە دەکەن، ناتوانن هەموو ئەو شتانەی، کە مەبەستیانە بە ڕاشکاوی و بە ڕادەیەکی پێویست بیڵێن، لە ئەنجامیشدا ناتوانن بە سادەیی پشت بەو وشە و دەربڕینانە ببەستن، کە بۆ زانینی مەبەست بەکاردەهێنرێن، بەڵکو دەبێت پشت بە کۆزانینی پاشخان ( background knowledge)یش ببەستن بۆ دۆزینەوەی دەوروبەرێکی گونجاو لە بەرهەمهێنانی وشەکاندا. لە ڕاستیدا ڕەنگە تاکەکان بێزار و توڕە ببن، ئەگەر بخرێنە ژێر تاقیکردنەوەوە و بە وردی داوای ڕوونکردنەوەی مەبەست و ئامانجی دەربڕینەکانیان لێبکرێت، بە وێنە وای دابنێ بە هاوکارێکت، یان ناسیاوێک دەڵێیت:

- چۆنیت؟

لە بەرانبەردا لێت بپرسن "من چۆنم سەبارەت بە چی؟ تەندروستیم، داراییم، کاری دەرەوەم، دۆخی خێزانیم، ئارامیی دەروونیم، ...".

لەم بارودۆخەدا ڕەنگە تووشی سەرسوڕمان و سەرلێشێواوی ببیت، چونکە هەستدەکەیت هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زیادە پێویست نییە. ئەم جۆرە کاردانەوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی مرۆڤەکان چاوەڕێی ئەوە لە یەکتر بکەن، کە وەك پێواژۆیەکی نیمچەتەواو مامەڵە لەگەڵ قسەکردندا بکەن، ئەوەی نەگوتراوە بە ئاماژە دەوروبەرییەکان پڕبکەنەوە؛ هەروەها تاکەکان متمانەیان بە یەکتر هەیە، کە لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ وشەکانیان بکرێت، واتە چاوەڕێی ئەوە لە یەکتر دەکەن، کە ئاگاداری جیهانی کۆمەڵایەتی و نۆرمەکانی بەکارهێنانی ئەو دەربڕین و وشانە ببن، کە لەو دەوروبەرەدا کاریانپێدەکرێت. بە واتایەکی تر کۆزمانەوانیی کارلێکی پێیوایە، کە بەهۆی ناتەواوی قسەکردنەوە، هەموو بەکارهێنەرانی زمان بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامگریی گفتوگۆکانیان، دەبێت پشت بە زانیاریی جگە لە ئاخاوتن ببەستن، واتە گریمانەکردن سەبارەت چۆنیەتیی بەستنەوەی دەربڕاوەکە بە دەوروبەرەکەیەوە، ئەو مەبەستەش

دەگرێتەوە، کە قسەکەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئاخاوتنەکەیەوە بیگەیەنێت ( Jaspers, Jürgen in Gee, J.P.& Handford, M., 2011: 135).

لە ساڵی (1982) بەدواوە (Gumperz) پابەندبوونی خۆی بە کۆزمانەوانیی کارلێکییەوە دووپاتکردەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ هەرسێ زانا (Paul Drew, Marjorie Goodwin and Deborah Schiffrin) زنجیرە کتێبێکی بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوە لە کۆزمانەوانیی کارلێکی) چاپکرد. زنجیرە لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندیی بە داینامیکی کۆمەڵایەتیی قسەکردنەوە هەبوو، بەتایبەتی لە ژینگەی ڕۆژانە و دامەزراوەییەکاندا، وەك: کلینیکەکان، قوتابخانەکان، شوێنی کار، هۆڵەکانی دادگا، چاوپێکەوتنی هەواڵی، ... . ئەو زانایانەی، کە لەگەڵ زنجیرەکەی (Gumperz)دا کاریانکرد، توێژینەوەیان لەسەر بوارەکانی: (شیکاریی گوتار، پراگماتیک، کۆزمانەوانیی کارلێکی، شیکاری گفتوگۆ، ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی) ئەنجامدەدا. (Gumperz) خۆی بەدوای تیۆرێکی گشتیی پەیوەندیکردنی زارەکیدا دەگەڕا، بۆ تێکەڵکردنی زانیارییە ڕێزمانی و کلتوری و ڕێکەوتنە کارلێکییەکان و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەیەکی گشتیی چەمک و ڕێکارە شیکارییەکاندا (Irimiea, Silvia Blanca, 2018: 63).

ئەزموونە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان و ئاماژە و هێما زمانی و نازمانییەکان و سەرجەم ئامرازەکانی تێگەیاندن لە چوارچێوەی میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکیدا شیدەکرێنەوە. کاتێك ئاخێوەرانی دوو کلتوری جیاواز بە زمانێکی هاوبەشی وەکو زمانی ئینگلیزی دەدوێن، ئەوکات پێویستە کۆزمانەوانیی کارلێکیش ڕێبازی فرەمیتۆد بەکاربهێنێت و سوود لە چاوپێکەوتن و شیکردنەوەی گوتار و پێشگریمانە دەوروبەرییەکان و ئاڵوگۆڕە زارەکی و نازارەکییەکان وەربگرێت، تاکو بتوانێت داتایەکی دروست و دەرئەنجامێکی تەواو بەدەستەوەبدات، بەم پێیە بەشدارییە تیۆرییەکانی کۆزمانەوانیی کارلێکی ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن قسەکەران ئاماژە دەوروبەرییەکان بەکاردەهێنن و لێکیدەدەنەوە، هەروەها چۆن دەتوانرێت ئەنجامگرییە گفتوگۆییەکان بەدەستبهێنرێت، کە زۆرجار بەرهەمی ئەزموونەکانی ڕابردووی خۆیان و دۆخە تایبەتەکانیانن ( Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022: 160).

توێژینەوە لەبارەی زمان و کلتورەوە، زیاتر جەخت لەسەر گفتوگۆ دەکاتەوە، وەک پێگەیەکی بنەڕەتیی توێژینەوە. تێڕوانینی ئێتنۆگرافی لە ڕێگەی شیکردنەوەی بارودۆخەکانی کاری مەیدانی و دۆزینەوەی ستراتیژەکان بۆ لێکدانەوەی ئەو ئاخاوتنانەی، کە لە زنجیرەیەکی درێژتردا ڕوودەدەن جێبەجێدەکرێت و گریمانە لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی ڕەسەن لە کارلێککردنی ڕۆژانەدا بەرهەمدەهێنن. کۆزمانەوانیی کارکێکی یەکێکە لەو میتۆدانەی کە پەیوەستە بەم بابەتانە و کاری لەسەردەکات (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 215).

1-2- چەمك و پێناسەی کۆزمانەوانیی کارلێکی

وەك لە باسی پێشوودا خرایەڕوو، بنەما و سنووری کارکردنی کۆزمانەوانیی کارلێکی زۆر فراوانە و لە چەندین زانستی تردا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕاجیاییەکی فرەڕەهەند لەسەر ناساندنی چەمك و پێناسەی زاراوەکە دروستببێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە زانایانی بوارەکە زۆرجار

پێش ئەوەی لەم زانستە بکۆڵنەوە، خاوەنی باکگراوندێکی ویکیپیدیایی و پسپۆڕیی هەمەجۆر بوونە، بۆیە ئاڕاستە و تێڕوانینی جۆراوجۆریش خراوەتەڕوو، لەو پێناسانەش، کە بۆ چەمکەکە کراوە:

- کۆزمانەوانیی کارلێکی میتۆدێکە بۆ شیکردنەوەی گفتوگۆ، کە هەوڵی دۆزینەوە و شیکردنەوەی توخمە دووبارەبووەکانی ئاخاوتن دەدات، ئەمەش لەو هێز و توانایەی ئاخێوەرانەوە سەرچاوەیگرتووە، کە بۆ لێکدانەوەی دەربڕینی ڕۆژانەی بەشداربووان بەکاردەهێنرێت (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 215)، بە واتایەکی تر ئەم میتۆدە توانای لێکدانەوەی ئەو گوتانە دیاریدەکات، کە ئاخێوەران دەیانەوێت لە پراکتیزەکردنی پەیوەندیی ڕۆژانەدا بیگەیەنن (Sierra, Sylvia, 2023: 100).
- کۆزمانەوانیی کارلێکی بایەخدەدات بەوەی، کە چۆن ئاخێوەران ئاماژە و لێکدانەوە بۆ واتای کارلێککردنی کۆمەڵایەتییان دەکەن. ئەم زاراوەیە تێڕوانین و فاکتەرەکانی (مرۆڤناسی، زمانەوانیی، پراگماتیکیی کارلێککردن، شیکردنەوەی گفتوگۆ)ی پێکەوە بۆ لێکدانەوەی چوارچێوەیەکی شیکردنەوەی ئەو جۆرە واتا و مەبەستانە ئاوێتەکردووە. کۆزمانەوانیی کارلێکی هەوڵدەدات بۆشایی نێوان فۆرمەکانی پەیوەندیکردنی ئەزموونی پڕبکاتەوە، بۆ نموونە وشەکان و هێز و ئاوازە و شێوازی دەربڕینەکان و ئاڕاستەی جەستە و ئەو واتایانەی قسەکەر و گوێگران لە ڕێگەی ئەم فۆرمانەوە دروستیدەکەن و لێکیدەدەنەوە. لەبەرئەوەی دروستکردن و تێکەڵکردنی واتاکان ئەرکی پێواژۆی پەیوەندیکردنە (Ilie, Cornelia, Wiley in John & Sons, Inc, 2015: 1).
- کارلێککردن بریتییە لە بەشداریکردن لە پێواژۆیەکی بەردەوامی دانوستاندن، هەم بۆ دەرخستنی ئەوەی، کە کەسانی تر دەیانەوێت بیگەیەنن و هەم بۆ چاودێریکردنی چۆنیەتیی وەرگرتنی بەشداریکردنەکانی تاك. بە واتایەکی تر، ئەوەی جێی مشتومڕە بریتییە لە لێکدانەوە هاوبەش و ناهاوبەشەکان، نەک واتای فەرهەنگیی دەربڕینەکان (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 218).
- کۆزمانەوانیی کارلێکی گرنگترین شێوازە بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتیی یەکتربڕینی کۆزانینی کۆمەڵایەتی و کۆزانینی زمانی لە دروستکردنی واتای نێو گفتوگۆدا. دەکرێت ئەم شێوازە بەکاربهێنرێت بۆ پیشاندانی ڕۆڵ و چۆنیەتیی جیاوازیی زمانەوانی لە کارلێککردندا (Ilie, Cornelia in Wiley, John & Sons, Inc, 2015: 13).
- کۆزمانەوانیی کارلێکی بەزۆری جەخت لەسەر کارلێکە ڕووبەڕووەکان دەکاتەوە، کە جیاوازیی بەرچاو لە سەرچاوە زمانییە کۆمەڵایەتییەکانی بەشداربووان، یان جیاوازیی لە هێزی دامەزراوەیی (institutional power)دا هەیە. ئەم چەمکە بنەمایەکی میتۆدیی فراوانی هەیە، کە ڕەگێکی قووڵی لە ئێتنۆگرافیا، دیالێکتۆلۆژی، پراگماتیک، شیکردنەوەی گفتوگۆدا هەیە و بە شێوەیەکی گشتی بەدوای کۆمەڵە داتایەکی دەوڵەمەنددا دەگەڕێت لەسەر کارلێککردن، کە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوویدابێت.

بە شێوەیەکی گشتی کۆزمانەوانیی کارلێکی چوارچێوەیەکی گشتگیر بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ تایبەتمەندییە ئەزموونییەکان پێکدەهێنێت، کە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە نێو ئێتنۆگرافیای زمانەوانیدا، هانی توێژەران دەدات، کە لە وردەکارییەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵنەوە، بە باشترین شێوە سوود لەو

چوارچێوە زانستییانەی بوارە لاوەکییەکان وەربگرن، کە جەخت لەسەر زمان دەکەنەوە (Rampton, Ben, 2017: 2).

- بە گشتی شیکاریی کۆزمانەوانیی کارلێکی پارمەتیدەرە بۆ تۆمارکردنی چالاکییەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا، تاکو پێواژۆکانی پەیوەست بە نەتەوە، توخم، نەژاد، چینوتوێژ، ... بباتەوە سەر ڕێگا و ڕوانگە ڕاستەکەی خۆی، ئەمەش ئاڵۆزی و دابەشبوون و گرنگییان لە ژیانی ئاساییدا دەخاتەڕوو، نەك نمایشەکانی ناو گفتوگۆی ڕامیاری و میدیاکان (Rampton, Ben, 2017: 4) (Irimiea, Silvia Blanca, 2018: 64).
- میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکی ئەرکێکی زۆر کاریگەر لە شیکردنەوەی گوتاردا جێبەجێدەکات، چونکە لە ڕێگەی بنەما کارلێکییەکانەوە دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان خەڵك لە هەردوو ئاستی "ماکرۆ و مایکرۆ"دا بکرێت، هەروەها پارمەتیی شیکەرەوەکان دەدات بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی کۆزانینی پاشخانی ئاخێوەران و گۆڕینیان لە ئاماژە دەوروبەرییەکانەوە بۆ چالاککردنی مەبەست و پێداویستی و هەستەکان (Alhabuobi, Thanaa, 2021: 934).
- کۆزمانەوانیی کارلێکی لقێکی سەربەخۆی زانستی زمانە، هەوڵی ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدات، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە تۆمارەکانی کارلێکە ڕووبەڕووەکان و تێبینیکردنی جیاوازییە بەرچاوەکانی ئەرکە زمانییەکانی بەشداربووان. ئەم زانستە جگە لەوەی، چۆنیەتیی یەکتربڕینی زانیاریی کۆمەڵایەتی و زانیاریی زمانەوانی لە دروستکردنی واتای ناو گفتوگۆدا شیدەکاتەوە، ڕەهەندێکی تر بەناوی "سروشتی کولتووری کردەی پەیوەندیکردن" تاوتوێدەکات، کەواتە کۆزمانەوانیی کارلێکی دەتوانرێت وەک میتۆدێکی فراوانی نێوان زانستەکان پەسنبکرێت، کە یەکتربڕی کۆمەڵێك دیسپلینە و بەشێك لە میتۆدەکانیان وەردەگرێت. سەرەڕای ئەوەش کۆزمانەوانیی کارلێکی تێڕوانین و میکانزمی تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتیی تێکەڵبوونی لایەنە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ لایەنە زمانەوانی و کلتورییەکاندا بۆ دروستکردنی واتا لە گفتوگۆدا دەخاتەڕوو (Irimiea, Silvia Blanca, 2018: 62).

ئەو ناساندنانەی پێشوو بۆ چەمکی زاراوەکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە بڵێین: کۆزمانەوانیی کارلێکی لێکۆڵینە و شیکردنەوەی گفتوگۆ و ئاخاوتنە، کە گرنگی بە سەرجەم ئاماژە دەوروبەرییەکان (زمانی و نازمانی) دەدات، بۆ دۆزینەوە و شیکردنەوەی مەبەستی ئاخێوەران و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی پەیوەندیکردن، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کۆزانینە گشتگیرانەوە بەدەستدێت، کە بەرهەمی لێکدانەوەی کۆزانینی پاشخانی نەژادی و کلتوری و توخم و پێکهاتە و چینە کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکانە).

### 3-1- تایبەتمەندی و سنووری کارکردنی کۆزمانەوانیی کارلێکی

کۆزمانەوانیی کارلێکی جەخت لەسەر پراکتیزەکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، "Hanks" پراکتیزەکردنی پەیوەندیکردن بەوە پێناسە دەکات، کە تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە کرداری گفتووگۆیی تاکەکان دەبەستێت، تێیدا بەدواداچوون بۆ ئامانج و ئاواتەکانیان دەکات. کەواتە قسەکردن، کاتێک لە ڕوانگەی پراکتیکەوە سەیردەکرێت، تەنها بابەتی بەکۆدکردن و کۆدکردنەوەی پەیامەکان نییە. کەواتە شیکردنەوەی کۆزمانەوانیی کارلێکی جەخت لەسەر ئاڵوگۆڕی قسەکردنی نێوان دوو تاك یان زیاتر

دەکاتەوە و وەک ئامانجی سەرەکیی توێژینەوە لێیدەکۆڵێتەوە، بەمەش چۆنیەتیی بەشداربوونی تاکەکان لە ئاڵوگۆڕکردن و بەکارهێنانی ئاخاوتندا دەدۆزێتەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەیوەندیکردن لە بارودۆخەکانی ژیانی ڕاستەقینەدا، هاوکات جەخت لەسەر پێواژۆی دروستکردنی واتا و لێکدانەوەی گریمانەکانی پاشخان دەکاتەوە (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 218).

لەبارەی سنووری لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانی کارلێکییەوە، (Holmes) پێیوایە ئەم لقەی کۆزمانەوانی بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە شیکاریی وردی گفتوگۆوە هەیە، بەتایبەتی نۆرەگرتن، دوودڵی، وەستان و تایبەتمەندییە پارازمانییەکان. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە پێدەچێت لە ڕووکەشدا میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکی لە لێکدانەوە و ڕاڤەی گفتوگۆدا هاوشێوەی میتۆدی (شیکاریی گفتوگۆ (CA/ conversation analysis) بێت، واتە هەردوو میتۆدەکە پەیوەندییان بە شیکاریی گوتاری کارلێککاریی ڕۆژانەی ئاخێوەرانەوە هەیە ( Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022: 163)، بەمپێیە لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، هەردوو میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکی و شیکردنەوەی گفتوگۆ (Conversation Analysis) لە چەند خاڵێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە ( Ilie, Cornelia, Wiley in John & Sons, Inc, 2015: 2-3) ( Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022: 164) (Irimiea, Silvia Blanca, 2018: 65):

1. هەردوو میتۆدەکە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانیان لەسەر ئەو گفتوگۆیانە ئەنجامدەدەن، کە بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەن.
2. هەردوو میتۆدەکە پشت بە شیکردنەوەی وردی تۆمارە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن، کە دەتوانرێت لێکبدرێنەوە و دووبارە بنووسرێنەوە، واتە دەقی ئاخاوتنەکان تۆماردەکرێن و فۆرمێك بۆ نووسینەوەی سەرجەم وردەکاریی توخمە دەوروبەرییەکان و ئاماژە و شیکردنەوە کارلێکییەکان دروستدەکرێت.
3. هەردوو میتۆدەکە گفتوگۆ وەک دیاردەیەکی کارلێککردن دەبینن.
4. هەردوو میتۆدەکە مامەڵە لەگەڵ ئەو داتایانەدا دەکەن، کە گفتوگۆکەران خۆیان لە کارلێکەکەدا وەک داتای سەرەتایی و سەرنجڕاکێش تێیدەگەن.

هەرچەندە هەردوو میتۆدەکە لە ڕووی ئامانجە گشتییەکان و مەودای وەرگرتنی داتاکانەوە لە یەکتر نزیکدەبنەوە، بەڵام لە کۆمەڵێك لایەنی بنەڕەتیی ترەوە جیاوازن، لەوانە ( Ilie, Cornelia in Wiley, John & Sons, Inc, 2015: 3-4) (Irimiea, Silvia Blanca, 2018: 65):

1. کۆزمانەوانیی کارلێکی جەخت لەسەر پێواژۆی دروستکردنی واتا و لێکدانەوەی دەکاتەوە، بەڵام شیکردنەوەی گفتوگۆ جەخت لەسەر دروستە یان ڕێکخستنی گفتوگۆ دەکاتەوە.
2. کۆزمانەوانیی کارلێکی لە نەریت و زانستەکانی وەك دیالێکتۆلۆجی و مرۆڤناسی و ... گەشەیکردووە، کە هەمەچەشنیی کۆمەڵایەتی و واتا کلتورییەکان تێیدا ناوەندی بوون، بەم پێیە لە کۆزمانەوانیی کارلێکیدا زانیاریی پراگماتیکیی کلتوری و میتۆدەکانی ئێتنۆگرافی بۆ یارمەتیدانی لێکدانەوەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێن. لە بەرانبەردا شیکردنەوەی گفتوگۆ بە گشتی ئەو شێوازە ئێتنۆگرافییانە ڕەتدەکاتەوە و هەوڵدەدات بەکارهێنانی زانیاریی کلتوری لە چوارچێوەی دەرەوەی کارلێکەکەدا سنووردار بکات.

3. بە لای کۆزمـــانەوانیی کـــارلێکییەوە تێڕوانینـــی میتـــۆدی شـــیکردنەوەی گفتوگـــۆ ئەوەیە، کە شیکەرەوەکان و ئەوانەش، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت بڕیاری کلتورین و پرسێکی بابەتین، بەڵام لە شـیکردنەوەی گفتوگـۆدا، هەوڵـدەدرێت چەنـدین نمـوونەی دروسـتە سەرنجڕاکێشـەکان کۆبکرێتەوە و ئەوە پیشانبدرێت، کە بەشداربووانی کارلێکەکە بە شێوەیەکی گونجـاو بە ئاڕاسـتەی ئەو دروستەیەدا دەڕۆن.
4. کۆزمـــانەوانیی کـــارلێکی بە شـــێوەیەکی بەرچـــاو لەڕووی میتـــۆد و ئاڕاســـتەکردنەوە لەگەڵ سـایکۆلۆژیای گفتووگۆییـدا تێکەڵـدەبێت، بەڵام بە ئامـانجی جیـاواز. هەردوو میتۆدەکە بـایەخ بەو ڕێگایانە دەدەن، کە واتاکان لە کارلێکدا بنیاتدەنرێن و ڕووندەبنەوە، بەڵام کۆزمانەوانیی کـارلێکی بەشێوەیەکی ئاسایی جەخـت لەسـەر هەمەچەشـنیی کـۆمەڵایەتی و کلتـوری دەکـاتەوە و لەگەڵ ئەو شێوە شیکارییانەی گوتاری ڕەخنەییدا یەکدەگرێتەوە، کە جەخت لەسـەر کـارلێککردنی ڕووبەڕوو دەکەنەوە، بەڵام ئامـانجی گشـتیی شـیکردنەوەی وتـاری ڕەخنەگـرانە بـۆ مەبەسـتی ئاشـکراکردنی نایەکسانی و خراپبەکارهێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە.
5. ئامراز و میتۆد و تیۆرەکانی کۆزمانەوانیی کارلێکی هەمەجۆرن و لەگەڵ شیکردنەوەی گفتوگـۆدا پێداگری لەسەر شیکردنەوەی وردی دێربەدێری سامپڵە تۆمـارکراوەکە دەکەنەوە، بەڵام لەوەدا لە شـــیکردنەوەی گفتوگـــۆ جیـــادەبێتەوە، کە بەدوای پێـــواژۆی ئەنجامگریـــدا دەگەڕێـــت و هەوڵـــی دۆزینەوەی فاکتەری کۆمەڵایەتی و کلتوری دەرەوەی ئەو ئاخاوتن و گفتوگۆیە دەدات.
6. تایبەتمەنـــدییەکی تـــری کۆزمـــانەوانیی کـــارلێکی، کە هەر پەیوەنـــدیی بە هەمەجـــۆریی میتـــۆد و تیۆرییەکانییەوە هەیە، ئەوەیە، کە لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆجیدا تیشکدەخاتە سەر جیاوازیی کلتوری، واتە ئەو واتایانەی بەشداربووان خۆیان دەیخەنەپاڵ قسە و کردارەکانیان، هەروەها لە فەلسەفەی زمـان و پراگماتیکی زمانەوانییەوە چەمکەکانی وەک ئاماژە و کردە قسەییەکان وەردەگرێت، بەڵام داتای ئەزموونی لە کارلێکی ڕاستەقینە و ئاڵۆزدا و لە خەڵکی ڕاستەقینەوە کۆدەکاتەوە، هەروەها بەهۆی ئەنجامـدانی تـوێژینەوە لە بـواری پەیوەنـدیکردن (communication)دا، بـایەخێکی هـاوبەش بە ستراتیجە ئاشکراکانی لایەنە کاراکان و ئامرازە مەبەستەکانی گفتوگۆ دەدات، جـگە لەوەش لەگەڵ زۆرێک لەو بنەمایـانەدا یەکدەگرێتەوە، کە لە چوارچێوەی پەیوەنـدیکردن و گفتوگـۆ و کارلێکـدا ئامـــادەدەبن، بەڵام میتـــۆدی شـــیکردنەوەی گفتوگـــۆ (وەك پێشـــتر باســـکرا) ئەو تایبەتمەنـــدی و هەمەچەشنییەی تێدا نییە.

جگە لەو جیاوازییانەی باسکران، "دەوروبەر"یش وەك چەمکێکی ئـاڵۆزی نێـوان تیـۆر و میتـۆد و زانسـتەکان دەبێـتە خـاڵێکی جیـاوازیی نێـوان میتـۆدی کۆزمـانەوانیی کـارلێکی و شـیکردنەوەی گفتوگـۆ، شارەزایانی بواری شیکردنەوەی گفتوگۆ زۆرجار بەوە پەسندەکرێن، کە ئارەزووی دیاریکردنی یاسـاکانی گفتوگۆی جیهـانی دەکەن، بەزۆری داکـۆکی لە سنووردارکردنی ئەو ڕەگەزانەی دەوروبەر دەکەن، کە لە ناو دەقێك یان کارلێکێکی دیاریکراودا هەن و دۆزراونەتەوە، بۆ نموونە تەنها کاتێک پێویسـتە شـارەزایانی شیکردنەوە ئاگاداری ڕەگەزەکانی (دەوروبەری بنەڕەتی، پاشخانی کـۆمەڵایەتی، تـوخمی بەشـداربووان و ...) بـبن، کە ئەو ڕەگەزانە لە کـارلێکەکەدا دەربـکەون و بە ئـاڵوگۆڕی بەردەوامـی بەشـداربووانەوە پەیوەندیداربن. ئەم بۆچوونە تەنانەت لەگەڵ شارەزایانی شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەییشدا نایەنەوە، کە تێیدا

دەوروبەر پەیوەندیی نێوان زمان و پێواژۆی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، ئەمەش پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، تاکو بزانین چۆن دەق و کارلێککردن لە پێکهاتەی (کردەی کۆمەڵایەتی-سیاسی، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، دەوروبەری کلتوری، ...)دا چنراون. کۆزمانەوانیی کارلێکی هەوڵیداوە سەرجەم ئاماژەکان و ئاوازی دەنگ و شێوە و جوڵەی دەموچاو لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئاڵوگۆڕی بەشداربووان و پەیوەندیکردندا تێکەڵبکات، چونکە تێگەیشتن لە کلتور پێویستیی بە گرنگیپێدانی "ڕووداوەکانی قسەکردن" و چالاکییەکانی بەشداربووانە (Saint-Georges, Ingrid de, Chapelle, Carol A., 2013:1).

بەمپێیە، شیکردنەوەی کۆزمانەوانیی کارلێکی بۆ دەقێک تا ڕادەیەک جیاوازە لە شێوازی لێکۆڵینەوەی شیکردنەوەی گفتوگۆ، یان شیکردنەوەی گوتار (discourse analysis- DA). کۆزمانەوانی کارلێکی دەستی دەگات بە شیکردنەوەی فاکتەرەکانی دەرەوەی گوتاری لێکۆڵینەوە و سوود لە کارلێکی نێوان زانیارییە ئێتنۆگرافی و دیمۆگرافییەکانی هەردوو "دەوروبەر" و "بەشداربووان" وەردەگرێت بۆ دەرهێنانی پێواژۆ و ستراتیژەکانی کارلێککردن، تەنانەت شیکاریی گوتار لەسەر بنەمای کۆزمانەوانیی کارلێکی شیکارییەکانی خۆی درێژکردووەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی فرەڕەهەندیی هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە فراوانەکان و ئاماژە دەوروبەرییەکان، کە لە ڕێگەیانەوە کارلێکەکان ڕوودەدەن. شیکارانی گفتوگۆ دەیانەوێت بە شێوەیەکی ئەزموونی لە پێکهاتە زمانییە ئاشکراکانی کارلێکەکان تێبگەن بۆئەوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی گشتگیری ئاڵوگۆڕە زارەکییەکانیان بۆ ڕوونبێتەوە، بە پێچەوانەوە کۆزمانەوانیی کارلێکی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لێکۆڵینەوە لە هەردوو بەرهەمە کارلێکییەکان و پێواژۆی لێکدانەوە واتاییەکان دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی هەردوو فاکتەری "ناو دەق و دەرەوەی دەق"، بە تایبەتی (Gumperz) کارلێککردن وەک پێواژۆیەکی ڕەنگدانەوەیی دەناسێنێت، کە تێیدا ئاخاوتنی پێشوو، بارودۆخە هەنوکەییەکان و تەنانەت ڕووداوەکانی ڕابردووش پێکەوە دەبەستێتەوە و پێیوایە ڕۆڵی سەرەکی لە بەدەستهێنانی ئەنجامدا دەگێڕن (بڕوانە: Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022: 164).

یەکێکی تر لەو بوارانەی، کە زۆرجار سنوورەکانی لەگەڵ سنووری کارکردنی کۆزمانەوانیی کارلێکیدا تێکەڵدەکرێت بریتییە لە بنەمای هاریکاریی (Grice)، کە سەرەڕای بوونی خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو میتۆدەکەدا، زانایان باسیان لەوە کردووە، کە بنەمای سەرەکی لە تیۆرەکەی (Grice)دا یەکخستنی نێوان مەبەستی قسەکەر و لێکدانەوەی گوێگرە (کە بە ئاگاییەوە پێواژۆکراوە)، لە چوارچێوەی بنەمای پراگماتیکیشدا، سەرنج دەخاتە سەر لێکدانەوەی ناوخۆیی و تەسک، بەپێچەوانەوە تیۆرەکەی (Gumperz) جەخت لەسەر لێکدانەوەی پەیام لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکاتەوە، بە واتایەکی تر (Gumperz) سەرنجی سەرەکیی لەسەر شیکردنەوەی پەیامەکەیە لە ڕوانگەی گوێگرەوە بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجام "ئەنجامگری" لە "ئاماژە دەوروبەرییەکان"ەوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئاماژە زارەکی و نازارەکییەکان (کە بە نائاگایی پێواژۆدەکرێن)، بەڵام (Grice) هۆکارەکانی شکست و سەرکەوتنی پەیوەندیکردن پشتبەست بە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر شیدەکاتەوە (Alhabuobi, Thanaa, 2021: 927-928).

2- بنەماکانی شیکردنەوەی گفتوگۆ لە کۆزمانەوانیی کارلێکیدا

لەگەڵ بوونی ڕەگەزەکانی (ڕێزمان، کلتور، نەریتەکانی کارلێککردن)، (Gumperz) چەمکە گرنگەکانی ئەنجامگری (inferencing) و بەدەوروبەرکردن (contextualisation) زیاددەکات. ئەنجامگری ئاماژە بە کردەی لێکدانەوە دەکات، کە خەڵک ئەنجامیدەدەن لە هەوڵدان بۆ گونجاندنی ئەو هێمایانەی، کە لە هەر باروودۆخێکی دیاریکراودا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، لەگەڵ تێگەیشتنی پێشوەختیان. ئەم چەمکە هەمیشە ئاماژە بە واتایەکی ئاسان دەکات، کاتێک خەڵک کار لەسەر گرنگیی وشەیەک، یان وتەیەک، یاخود کردار و دیاردەیەك دەکەن، بە گونجاندنی لەگەڵ ئەزموونی ڕابردوویان، بەرانبەر بە پێشبینییەکانیان، کە چی ڕوودەدات لە داهاتوودا. زاراوەی "ئاماژە دەوروبەرییەکان" هەرچەندە سەرنج دەخاتە سەر دروستکردنی هەست بۆ بەرهەمهێنانی قسە، لەگەڵ ئەوەشدا کردەیەکی تەواوکەرییە. پێواژۆی بێ وەستانی دەوروبەر ڕەنگە گوێگر دڵنیابکاتەوە، کە بە تێگەیشتنێکی فراوان لە باروودۆخەکە کاردەکەن، یان دەتوانێت دەرئەنجامەکانی وەرگر بە ئاڕاستەیەکی تردا ڕابکێشێت. بەشێکی زۆری ئەم پێواژۆکردنە تا ڕادەیەک نادیارە و بەشداربووان بە بەردەوامی سەرقاڵی چاودێریکردنی ئەوەن، کە چۆن هەموو وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنی زارەکی لەگەڵ تێگەیشتنیان لە پێشنیازەکان بگونجێنن، هاوکات چۆن درك بە مەبەستی قسەکەر بکەن، یاخود چۆن لەو چالاکییەی تێیدا کاردەکەن تێبگەن و چۆن بتوانن لەسەری بەردەوام بن و ... (Rampton, Ben, 2017: 3).

1-2- ئەنجامگریی گفتوگۆیی (Conversational inference):

لە شیکردنەوەی کۆزمانەوانیی کارلێکیدا، (Gumperz) پێیوایە قسەکردن وەک پێواژۆیەکی پەرچەکرداری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بە شێوەیەک، کە هەموو شتێک دەتوانرێت وەک کاردانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ قسەی پێشوو ببینرێت، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک باروودۆخی ڕاستەوخۆ، یان وەڵامدانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو، چ ڕاستەوخۆ ئەزموونکرابێتن، یان ناڕاستەوخۆ گواسترابێتنەوە. کەواتە بەشداریکردن لە پەیوەندییەکی زارەکیدا، تەنها دەربڕینی بیروڕای مرۆڤ نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە ژینگەی پەیوەندیکردنەوە هەیە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر ڕەوتی کارلێککردن هەیە. یەکێك لەو ڕەگەز و بنەمایانەی، کە (Gumperz) لە شیکردنەوەی گفتوگۆدا پشتیپێبەستووە، بریتییە لە (ئەنجامگریی گفتوگۆیی- Conversational inference)، کە بە دوو جۆر ئاماژەی زارەکی دەناسرێتەوە: (1) دانە هێماییەکان (symbolic signs): زانیاری لە ڕێگەی یاسا لێکسیکی و ڕێزمانییەکانەوە دەگوازنەوە، هاوکات (2) هێماکانی ئاماژەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان نیشانە/هێما/ئاماژە و دەوروبەر دەنوێنن. دەربڕینەکانی وەک: (لێرە، لەوێ، ئەمە، ئەوە، ...) لە هیچ باروودۆخێکدا ناتوانن مەبەست بگەیەنن، مەگەر ئاماژە بە ژینگەیەکی فیزیکی یان گفتووگۆیی بکەن، هەروەها دەوروبەر زۆرجار لە گفتوگۆدا ئامادەگیی هەیە، هاوکات لە گۆڕینی کۆدیشدا ڕۆڵدەگێڕێت (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 221).

بە بڕوای ڕێکخراوی دەروونناسیی (APA)[1] ئەنجامگریی گفتوگۆیی ئەو پێواژۆیەیە، کە کەسانی سەرقاڵی گفتوگۆیەک دەتوانن زۆرجار ئەو واتایانە دەربخەن، کە ئاخێوەرانی دیکە مەبەستیان بووە،

---

1) لە ڕێگەی لینکی APA - لە سایتێکی فەرمیی سەر بە ڕێکخراوی (https://dictionary.apa.org/conversational-inference) وەرگیراوە، ڕێکخراوەکە پێشەنگێکی زانستی و

تەنانەت کاتێک ئەو واتایانە نەخرابێتنەڕوو، یان ڕوون نەبن. ئەم جۆرە ئەنجامگرییانە بەشێکیان لەسەر بنەمای کۆزانینی پاشخانی کەسی و دەوروبەری گشتی دەبێت، لەوەش گرنگتر ئەو ئەنجامگرییەیە، کە بەرهەمی هۆشیاری و ئاگابوونە لە نۆرمەکانی گفتوگۆ لەناو کلتورێکی دیاریکراودا و هەڵێنجاندنی پێشبینی و پێشگریمانەکانە، نەك هەڵسەنگاندن و دەرئەنجامی لۆژیکی.

ئەنجامگریی گفتوگۆیی بریتییە لە "هەڵسەنگاندنێکی کاتی وەک گریمانەیەك بە مەبەستی پەیوەندیکردن، یاخود لێکدانەوەی گوێگرە بۆ ئەو گوتانەی، کە قسەکەر دەیەوێت (بە دەربڕینێکی تا ڕادەیەك ناڕوون) بیگەیەنێت، گفتوگۆکەران هەمیشە هەوڵدەدەن بزانن، کە بەرانبەر چی دەڵێت و بە چ شێوازێك دەیڵێت. هەندێک دەربڕین تا ڕادەیەک ڕاستەوخۆ و ئاشکرایە، بەڵام زۆرینەی دەستەواژە و گوتەکان وا نین، بۆ نموونە پرسیارێکی وەک:

- چی دەڵێیت؟

زۆرجار بە بیستنی ئەم پرسیارە، لە ئاوەزی بەشداربوواندا واتاکانی (نەشیاو، خراپ، نابەرپرسانە، ناڕوون، ...) بۆ دەربڕینەکە چالاکدەبێت، کەمجار بیر لە واتا فەرهەنگییەکە دەکرێتەوە. بە شێوەیەکی سروشتی، دەرئەنجامەکان بەهای ڕاستیی ڕەهایان نییە، وەکچۆن پشت بە پەیوەندییەکی جێگیر لە نێوان دوو کەسی دیاریکراودا لە میانەی بابەتێکی دیاریکراودا نابەستن. واتا و ڕێزمان لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەربڕینەکاندا ڕۆڵدەگێرن، بەڵام دەستنیشانیناکەن. ئاخێوەران بەشداریی پێواژۆیەکی چالاک و بەردەوام دەکەن بۆ ڕێنمایی گوێگران لە لێکدانەوەی وتەکانیاندا، هەروەها وەڵامی ئەو تێگەیشتنانەش دەدەنەوە، کە گوێگران پیشانیدەدەن. گفتوگۆکەران پشت بە "یاساکان" نابەستن، کە بە ڕوونی بەرەو یەک واتا دەچن، بەڵکو پشت بە "ستراتیژەکان" دەبەستن، کە پەیامە ناوەکییەکانی گوتەکە ئاراستەدەکەن و لە تێگەیشتنی کارلێکەکانی گفتوگۆدا هاوکاردەبن ( Ilie, Cornelia, Wiley in John & Sons, Inc, 2015: 1).

(Garfinkel) لەو باوەڕەدایە، کە گرنگیی کۆزانینی پاشخانی کارلێککەران (ئاخێوەران) و پێشبینییە بارودۆخییەکان و یاسا کۆمەڵایەتییە شاراوەکان لە ئەنجامگرییە گفتوگۆییەکاندا دەنوێنرێت، بە واتایەکی تر کۆزمانەوانیی کارلێکی بۆ لێکدانەوەی واتای دەربڕاوەکان، گرنگییەکی زیاتر بە بنەما زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات، ئەمەش دەبێتە ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی زمان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکیی دەستنیشانکردنی ستراتیژە کارلێکییەکان، کە بۆ پاراستنی پەیوەندی و گەیشتن بە ئامانجەکانی کارلێککردن بەکاردەهێنرێن ( Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022: 161).

(Gumperz) پێداگری و جەخت لەسەر تیۆری "ئاماژە دەوروبەرییەکان" و "ئەنجامگری" دەکاتەوە، ئەو پێیوایە ئەنجامگری ئەو کارە شیکارییەیە، کە تاکەکان پێیدا تێدەپەڕن و هەوڵدەدەن ئەزموون و کۆزانینی پێشووی خۆیان لەگەڵ توخمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاردا ببەستنەوە. بە واتایەکی تر ئەنجامگری پێواژۆیەکی ئاسانە بۆ تێگەیشتن لەوەی چی دەگوترێت، یان چی لە ڕووبەڕووبوونەوەدا پێشکەشدەکرێت. ئەم پێواژۆیە بەردەوامە و یارمەتیدەرە بۆ دڵنیاکردنەوەی قسەکەران لەوەی، کە لە یەکتر

پیشەییە و نوێنەرایەتیی "دەروونناسی" دەکات لە ئەمریکا، زیاتر لە (157.000) توێژەر و پەروەردەکار و پزیشکی کلینیکی و ڕاوێژکار و خوێندکاری وەک ئەندام هەیە.

تێدەگەن یان نا، چونکە پێواژۆیەکی بێدەنگە و چاودێریی هەمیشەیی هەموو ئەو توخمانە دەکات، کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا دێنەپێش، هەروەها کاریگەریی گەورەیان لەسەر تێگەیشتن لە "دەوروبەر" هەیە، هاوکات ئەوە دەردەخەن، کە (وشەکان، واتاکانیان، پێکهاتە و یاسا ڕێزمانییەکان و واتاسازیی ڕستەکان) گرنگن، بەڵام تەنها دەبنە یەک توخم لەناو ڕیزێکی فراوانتری سەرچاوە واتاسازییە بەردەستەکان بۆ بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی چەمك و واتا. لەبەرئەوەی زمان بە هەمیشەیی ئاماژە بە کەسەکان، کردارەکان، سیستەمەکان، تەنەکان، بیرۆکەکان دەکات، بۆیە هەرگیز بە ئاشکرا دەرنابڕدرێن (Irimiea, Silvia Blanca, 2018: 64).

2-2- ئاماژە دەوروبەرییەکان

دەوروبەر چەمکێکی ئاڵۆزە و لە هەر زانست و تیۆرێکدا پێناسە و سنوورێکی دیاریکراوی هەیە. (Fetzer) چوار جۆر دەوروبەری جیاکردووەتەوە ( Saint-Georges, Ingrid de, Chapelle, Carol A., 2013:3):

1. دەوروبەری زمانی: وەك: (ژانر، ئاوازی دەنگ، وتەکانی پێشتر).
2. دەوروبەری کۆمەڵایەتی: وەك: (بەشداربووان، ڕۆڵەکان، بارودۆخەکان، ئارەزووی جەستەیی و دەروونی).
3. دەوروبەری کۆمەڵایەتیی کلتوری: وەك: (ڕەهەندە سیستماتیکییەکان، دامەزراوە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکان).
4. دەوروبەری کۆزانینی، وەك: (یادگە، زانیاریی پێشوەخت، نواندنە ئاوەزییەکان، ...).

توێژەران هەوڵیانداوە ئەوە ڕوونبکەنەوە، کە چۆن دەوروبەری زمانی پەیوەندیی بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە هەیە. کارە گرنگەکەی (Gumperz) لەسەر ئاماژە دەوروبەرییەکان لە ساڵی (1992) تا ڕادەیەکی باش ئەو کەلێنەی پڕکردووەتەوە. لە لایەکی ترەوە زۆرێک لە بۆچوونەکانی پێشوو دەوروبەریان وەک توخمێك پیشانداوە، کە "پێشتر هەبووە" و بە تەواوی "جێگیر"ە، بەڵام توێژینەوەکانی کۆزمانەوانیی کارلێکی سەلماندوویەتی، کە قسەکەران خۆیان دەوروبەر دروستدەکەن و دەشتوانن بیگۆڕن، ئەم پەسنەش بۆ دەوروبەر گونجاوە، چونکە قسەکەران لە کارلێککردندا هەمان "جیهانی دەوروبەر" بەکارناهێنن. تێگەیشتنێکی جیاواز لە بارودۆخێک، ڕەنگە ئامانج و هەڵوێستی جیاواز لەخۆبگرێت، ئەم ناهاوسەنگییە ڕەنگە وا بکات، کە تێڕوانینێکی تایبەتیان بۆ دۆخێك هەبێت، یان هەوڵبدەن بەرەنگاری ببنەوە، یان پێناسەی بارودۆخەکە بگۆڕن. لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە زمان لە ڕاستیدا هەم پشت بە دەوروبەر دەبەستێت و هەم دەوروبەر دروستدەکات ( Saint-Georges, Ingrid de, Chapelle, Carol A., 2013:3). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بۆچوونە، نموونەی گفتوگۆیەکی تایبەت بە کلتوری کوردی (بە شێوەی سیناریۆ) دەخەینەڕوو، کە ئاخێوەری (1) خاوەنماڵە و تەندروستیی ناجێگیرە و باری داراییشی خراپە، ئاخێوەرانی (2، 3، 4) هاتوون بۆ سەردانیکردن و دڵدانەوە و هاوکاریکردنی، پێواژۆی گفتوگۆکە (پاش سڵاو و بەخێرهاتن) بەم شێوەیەی خوارەوە دەستپێدەکات:

- ئاخێوەری (1): تاکو لەشساغ بووم، کاری خۆمم هەبوو، پێویستیم بە هیچ شتێك نەبوو، بەڵام باری خوایە و هەر دەبێت سوپاسی بکەین، ئەلحەمدولیلا.

- ئاخێوەری (2): هەموومان سوپاسی خوا دەکەین، هەرکەس بە جۆرێك تاقیدەکرێتەوە، خوا بەڵای خراپتر نەهێنێت.
- ئاخێوەری (3): لە سایەی دەسەڵاتی گەندەڵەوە، ژیانی ئەو خەڵکە تا دێت خراپتر دەبێت، خوا شیفات بدات و دۆخی کوردستانیشمان خراپتر نەکات.
- ئاخێوەری (4): خوا شیفات بدات، ئیشاڵا دۆخی تۆ و هەموانیش باشتر دەبێت، ژیان هەر وایە: هەژار و دەوڵەمەند و بەدەسەڵات و بێدەسەڵات و خۆشی و ناخۆشی و ... لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە و هەیە، تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەریشدا.

لە ڕوانگەی کۆزانینی تاکی کوردەوە، هەرچەندە دەوروبەری گشتیی گفتوگۆکە بریتییە لە سەردان و بەجێهێنانی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی دڵدانەوە و هاوکاریکردنی دارایی خاوەنماڵ (کە نەخۆش و دەستکورتە)، کەچی هەریەك لە ئامادەبووان دەوروبەرێکی جیاوازتر بۆ ئاخاوتنەکانیان سازدەکەن و بە شێوەی کاردانەوە و کارلێکی ناڕاستەوخۆ دەیبەستنەوە بە دەوروبەر و باسە گشتییەکەوە و وەڵامی ناڕاستەوخۆی یەکتر دەدەنەوە، بەمپێیە دەکرێت ئاخێوەری (2) مامۆستای ئاینی یان تاکێکی خاوەن پاشخانێکی ئاینی بێت، هاوکات هەوڵدەدات هاوشێوازی ئاخێوەری (1) داڕشتەی دەربڕینەکانی ڕێکبخات، وەك لە دەربڕینەکانیاندا دەردەکەوێت هەموو کێشە و چارەسەرەکانیش بۆ دەسەڵاتی خوا دەگەڕێننەوە، ئاخێوەری (3)، کە دەکرێت خاوەنی پاشخانێکی ڕامیاریی (ئۆپۆزسیۆن) بێت، وەك کارلێك و کاردانەوەیەکی ئاخێوەری (2)، کە گرفت و کێشەکانی تەنها بۆ هۆکاری گشتی گەڕاندووەتەوە و بەستوویەتییەوە بە بنەما ئاینییەکان و سروشتی مرۆڤی موسڵمانەوە، بۆیە دەربڕینەکانی لە چوارچێوەی گەندەڵیی دەسەڵات و خراپبوونی بژێوی و ژیانی خەڵك (لە سایەی دەسەڵاتی گەندەڵەوە ...) ڕێکدەخات و نزای خێریشی بۆ دەکات (خوا شیفات بدات)، کە هاوتەریبە لەگەڵ کەشی گفتوگۆکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی کۆزانینی پاشخانییەوە درك بەوە دەکرێت، کە ئاخێوەری (4) خاوەنی پاشخانێکی ڕامیاریی سەربە دەسەڵاتە، بۆیە وەك کارلێك و کاردانەوەیەکی پێشوەختە ئەوەش دەخاتەڕوو، کە ئەمیش خاوەنی ئینتیمای نیشتیمانییە و هاوخەمی کورد و کوردستانە، بۆیە بە دەستەواژەی (... کوردستانیشمان خراپتر نەکات) هاوسۆزیی خۆی دەردەبڕێت. ئاخێوەری (4)، کە وەك پێشتر باسکرا خاوەنی پاشخانێکی ڕامیاریی سەربە دەسەڵاتە، توانیویەتی چەند دەوروبەرێکی (ئاینی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی) ئاوێتەبکات و کارلێك لەگەڵ هەرسێ ئاخێوەری (1، 2، 3)دا بکات، بە ئومێدەوە لە داهاتوو بڕوانێت:

- ئاینی و کۆمەڵایەتی: (خوا شیفات بدات)
- کۆمەڵایەتی: (ژیان هەر وایە)
- بەڵگەهێنانەوەی ئاینی و کۆمەڵایەتی وەك کارلێك: (...تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەریشدا)

ئەم جۆرە گفتوگۆیانە ئەگەر درێژەبکێشێت، ڕەنگە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە بە تەواوی بگۆڕدرێت بۆ جۆرەکانی تری دەوروبەر و بە تەواوی لە ئامانجی یەکەمی گفتوگۆکە دووربکەوێتەوە. ئەمەش بۆچوونەکانی (Gumperz) سەبارەت بە چەمکی "دەوروبەر" پشتڕاستدەکاتەوە:

1. دەوروبەر جێگیر نییە، بەڵکو بە دەستی ئاخێوەرانەوەیە، کەی بیانەوێت دروستیدەکەن، یاخود دەیگۆڕن.
2. ئاخێوەران هەمان چێوەی دەوروبەر بەکارناهێنن.

3. تێگەیشتنی جیاواز و تێڕوانینی تایبەتیی ئاخێوەران دەکرێت هەڵوێست و دەوروبەر و بارودۆخی جیاواز بهێننەئاراوە، یان بیگۆڕن، لەم بارەشدا زمان دەوروبەر دروستدەکات و سودیشی لێوەردەگرێت.

(Gumperz) زاراوەی (ئاماژە دەوروبەرییەکان)ی وەک بەشێک لە تیۆری (ئەنجامگریی گفتوگۆیی) داهێناوە، تێیدا ڕوونیدەکاتەوە، کە چۆن تێگەیشتنی هاوبەش لە کارلێککردنی کۆمەڵایەتیدا بەدەستدێت، پەیوەندیکردنی هەڵەش لە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان کلتورەکانەوە بەرهەمدێت. توێژەران لە بوارەکانی وەک زانستی زمان و مرۆڤناسی و پەیوەندیکردندا سوود لە چەمکی ئاماژە دەوروبەرییەکان وەردەگرن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی نێوان کلتورەکان، هەروەها بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتیی پەیوەندیی گفتوگۆکردن و چوارچێوەی هاوبەشی کارلێککردن، کاتێک باکگراوندی کلتوری و نەریتەکان هاوبەشدەکرێن (Gordon, Cynthia, 2014: -).

دیارترین بنەماکانی میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکی ئەوەیە، کە هاوبەشییەکی زۆری لەگەڵ ئێتنۆگرافیای چوارچێوەی پەیوەندیکردندا هەیە، وا دەردەکەوێت، کە لەوەوە پەرەیسەندبێت، بەڵام میتۆدەکە گرنگییەکی تایبەت بەو ئاماژانە دەدات، کە مرۆڤەکان بۆ لێکدانەوەی کارلێکی گفتوگۆیی لە چوارچێوەیەکی ئێتنۆگرافیدا بەکاریدەهێنن، ئەمەش شێوازی بنیاتنانی چوارچێوەیەکی تا ڕادەیەك گشتگیرە، کە ئاماژەی دەوروبەری لەگەڵ پەیوەندیکردن بە توخمە زمانییەکانەوە لەخۆبگرێت؛ بە تایبەتی یەکگرتنی نێوان توخمە زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (Alhabuobi, Thanaa, 2021: 927).

کۆزمانەوانیی کارلێکی یاسا هاوشێوە ڕێزمانییەکان فەرامۆشدەکات لە لێکدانەوەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان و شێوازی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی وەک:

1. زمان چۆن و بە چ ئامرازێکی ئاماژەپێکردن کاردەکات بۆ وروژاندنی پێشگریمانە دەوروبەرییەکان، کە کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوە هەیە؟
2. پێگەی پێشگریمانەکان لە ئاڵوگۆڕی گفتوگۆدا چییە؟

زمان لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا هەم ڕەنگدانەوەی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییانەن، هەم واتا زیاددەکەن، ئەم پرسیارانە بە گرنگیدان بەو لایەنانە دەخرێنەڕوو، کە (Gumperz) پێیدەڵێت: (ئاماژە دەوروبەرییەکان)، ئەمەش بە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی ڕووکەشی پەیام دەوترێت، کە بەهۆیانەوە قسەکەران ئاماژە دەدەن و گوێگران لێکیدەدەنەوە، کە مەبەستەکە چییە، چۆن ناوەڕۆکی واتاسازی تێبگەین، هەروەها چۆن هەر ڕستەیەک پەیوەندیی بە کەرەستەکانی ترەوە هەیە، کە لە پێش یان پاشیەوە دێن. ئەو ئاماژە دەوروبەرییانەی، کە چالاکیی قسەکردنی تێدا دەنوێنرێت و بەشداربووان خۆیانی تێیدا دەبیننەوە، وەک 'جۆرێک لە چوارچێوە' سەیردەکرێن، کە شیکارییەکانیان دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی درکپێکردنی چوارچێوەکان، دووبارە گفتوگۆکردن و دامەزراندنەوەی چوارچێوەکان (Mirvahedi, Seyed Hadi, 2021: 2).

بە لای (Gumperz)ەوە "ئاماژە دەوروبەرییەکان" وەک هەر لایەنێکی شێوەی ڕووکەشی ئاخاوتن و وتارەکان پێناسەدەکرێن، کاتێک لەسەر ناوەڕۆکی پەیامەکە نەخشەدەکێشرێن، دەتوانرێت لە ئاماژەپێدانی چوارچێوەی لێکدانەوەدا پیشانبدرێن، بە واتایەکی تر ئاماژەکانی وەک: (تۆنی دەنگ، ئاوازی دەنگ، فشار، ڕیتم، کێش، بەرزونزمی دەنگ، پێکەنین، هەڵبژاردنی کۆد، دەربڕینی وشەسازیی تایبەت)

پێکهاتەی زمانن، ئاماژە نازارەکییەکانی وەك: (نیشانە و هێما، شێوەکانی دەموچاو و تێڕوانین) واتا و ڕۆڵی گرنگ هەڵدەگرن، ئەمەش کاتێک لەگەڵ ناوەڕۆکی واتای وتەکاندا تێکەڵدەکرێن، ڕاستەوخۆ گوێگران تێدەگەن، کە دەبێت چۆن پەیامەکە لێکبدرێتەوە. ئاماژە دەوروبەرییەکان توانای هەڵێنجاندنی "ئەنجامگریی گفتوگۆیی" بە ئاخێوەر دەبەخشن، واتە دەستبەجێ پێواژۆی لێکدانەوەی واتا جێبەجێدەکەن، کە تێیدا بەشداربووانی گفتوگۆ مەبەستی ئاخێوەر هەڵدەسەنگێنن و لەسەر ئەو شێوەیە وەڵامەکان دادەڕێژنەوە (Sierra, Sylvia, 2023: 100).

مرۆڤەکان بەزۆری و بە شێوەیەکی نائاگایی سوود لە ئاماژە دەوروبەرییەکان وەردەگرن. لەم ڕووەوە (Holmes) ئاماژە دەوروبەرییەکان وەک ستراتیژێک دەستنیشاندەکات، کە بەکارهێنەرانی زمان پەنای بۆ دەبەن، بۆئەوەی زۆرترین ئەگەری لێکدانەوەی ئاخاوتنێك دەربخەن. بەمپێیە ئاماژە دەوروبەرییەکان بریتین لە زانیاریی زمانی و نازمانی، کە ڕۆڵی بنەڕەتی لە لێکدانەوەی پەیامدا دەگێڕن. دەکرێت بڵێین کاتێک ئاخێوەران (کە سەر بە دوو پاشخانی کولتووریی جیاوازن) کارلێکدەکەن، ئەگەری هەڵەتێگەیشتن زیاتر دەبێت، لەمەشەوە ڕۆڵی بەرچاوی ئاماژە دەوروبەرییەکان دەردەکەوێت، ڕوونتر بڵێین یەکسانیی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان لە ئاماژە دەوروبەرییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، کە دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر پشتگیریی لە ئەنجامگرییە گفتوگۆییەکان بکات (Alhabuobi, Thanaa, 2021: 928)، بە وێنە لە کلتوری کوردیدا، کاتێك دوو هاوڕێ بە یەکتر دەگەن (کە دەمێکە یەکتریان نەبینیوە)، یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانیان ئەوەیە، کە ئاخێوەری (1) -کەماڵیان نزیکترە- دەستپێشخەریی بانگهێشتکردنی ئاخێوەری (2) دەکات بۆ (نانخواردن)، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ناڕۆیتەوە/ دەچینە ماڵەوە/ حەز ناکەم بڕۆی/ کەی کاتی ڕۆیشتنە/ با لە خزمەتتدا بین بۆ نیوەڕۆ/ ...

ئاخێوەری (2)یش ڕاستەوخۆ لە ئاماژە دەوروبەرییەکانی دەربڕینەکان (بەهۆی هاوکلتورییەوە) تێدەگات، کە مەبەستێکی ڕاستەقینەی لە پشتەوە نییە و تەنها بۆ جێخۆشکردنە، بۆیە ئاخێوەری (2)یش بەم شێوەیە وەڵامدەداتەوە:

- پەلەمە کارێکی گرنگم هەیە/ دەبێت بڕۆم ماڵتان ئاوا بێت/ نانم خواردووە، خۆ شەرم ناکەم ماڵی خۆمانە/ بۆ کاتێکی تر، ئێستا بۆم ناگونجێت، ...

ئەم وتانەی سەرەوە کاتێك بەکاردەهێنرێن، کە ئاخێوەری (2) بەهۆی ئاماژە دەوروبەرییە زارەکی و نازارەکییەکانەوە تێبگات، کە ئاخێوەری (1) تەنها بۆ جێخۆشکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی هاوڕێیەتی و یاسایەکی کلتوری دەسەواژەکانی (ناڕۆیتەوە، ...) دەربڕیوە، نەك بەڕاستی مەبەستی داوەتکردنی بەرانبەر بێت، بۆیە دەبینین ئاخێوەری (2) بە شێوەیەکی دابڕ (قطعي) داوەتنامەکە ڕەتدەکاتەوە، چونکە لە کلتوری کوردیدا جەختکردنەوە و دووپاتکردنەوەی زیاتر، واتای زیاتر بە دەربڕینەکان دەبەخشێت (لەگەڵ ئاماژە دەوروبەرییە زارەکی و نازارەکییەکانی تری وەك دەستگرتن و دەستڕاکێشانی بەرانبەر، تۆنی دەنگی تارادەیەك بەرز، سوێندخواردن، ...)، ئەگەر ئاخێوەری (1) دەربڕینەکانی بەم شێوازەی خوارەوە دابڕێژایە:

- بەخوا ناڕۆیتەوە/ ڕۆیشتنەوەی چی، وتم بەخوا ناچیتەوە/ نان ئامادەیە منەتی نییە، ...

ئەوکات بێگومان لە لایەن ئاخێوەری (2)ەوە ڕەتنەدەکرایەوە، شێوازی دەربڕینەکانی بەم شێوازەی خوارەوە دەگۆڕی:

- پێویست بەو ئەرکە ناکات/ نامەوێ ببمە ئەرك بەسەرتانەوە/ بڕوات هەبێت ئیشم هەیە، ...

بە خوێندنەوەی دەقی گفتوگۆکەی سەرەوە، بە ئاسانی دەتوانین ئاماژە دەوروبەرییەکان و پەیام و لێکدانەوەکانی سەرەوە درکپێبکەین، بەڵام ئاخێوەرانی خاوەن پاشخانێکی کلتوری (جگە لە کورد) ڕەنگە هەموو، یان زۆرینەی پەیام و مەبەستەکان تێنەگات، بە وێنە لە کلتوری ئینگلیزەکاندا ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی (داوەتکردنی بێهۆکار بۆ نانخواردن، جەختکردنەوە و دووپاتکردنەوەی دەربڕینەکان، ...) کارێکی نامۆیە و هیچ واتایەکی دڵسۆزی و خۆشەویستی و میواندۆستی و هاوکاری لەخۆناگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕەنگە بە کەسایەتییەکی (نازۆشنبیر، زۆربڵێ، نکۆڵیکار، ...) لێیبڕوانن و بە گشتی بە ڕەفتارێکی نەرێنی و نامۆ لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

کاتێک ئاماژە دەوروبەرییەکان لەگەڵ یاسا و هێما ڕێزمانی و لێکسیکییەکاندا لێکدەدرێنەوە، زەمینە بۆ لێکدانەوەی شوێن دروستدەکەن و بەم شێوەیە کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتنی پەیامە تایبەتەکانی وەک مێتاپراگماتیک دەبێت. ئاماژە دەوروبەرییەکان شێوازی قسەکەران پیشاندەدەن و زانیاری بە گفتوگۆکەران و بەشداربووان سەبارەت بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان لە هەر خاڵێکی ئاڵوگۆڕی بەردەوامدا دەدەن. ئاماژە دەوروبەرییەکان تەنها لە ئاخاوتنی زارەکی و گفتوگۆدا دەردەکەون، ڕەنگە ئەمەش تاکە جیاوازی بێت لەگەڵ "هێما لێکسیکییەکان"دا ، لەبەرئەوەی هیچ قسەیەک بەبێ ئەم جۆرە نیشانانە ناتوانرێت دەرببڕدرێت، چونکە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوەکان دەبێت، هاوکات ئاماژە بە دەرئەنجامە ناڕاستەوخۆکانیش دەکەن، ئەمەش ئاسانکارییەکە بۆ ئاخێوەران، کە ناتوانن هەموو ئەو زانیارییانەی مەبەستیانە بە دەربڕین بە بەرانبەری بگەیەنن (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 221-222).

ئامانجی سەرەکیی کۆزمانەوانیی کارلێکی لە گرنگیدانی بە لایەنی تیۆری ئەوەیە، کە ڕێگا و میتۆدێك بۆ لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی واتا بدۆزێتەوە، ئێتنۆگرافانی پەیوەندیکردن لەمێژە جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە قسەکردن ڕەنگدانەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتورییە، بەڵام ئەوە دەستنیشاننەکراوە، کە چۆن زانیاریی کۆمەڵایەتی و کلتوری و زمانەوانی بە شێوەیەکی سیستماتیک لە گەیاندنی واتادا پێکەوە دەبەسترێنەوە. (Gumperz) لە ڕێگەی چەمکی (ئاماژە دەوروبەرییەکان)ەوە ڕەهەندێکی ئەم پەیوەندییە بەکاردەهێنێت. بیرۆکەکە پیشانیدەدات، کە کۆزانینی کۆمەڵایەتی و کلتوری تەنها باوەڕ و بڕیاری دەرەوەی کارلێک نییە، بەڵکو لە ناو ئاخاوتن و ڕەفتاری خودی کارلێکەکەدا جێگیرکراون، هەروەها ئەوەی خستەڕوو، کە "دەوروبەر" لە ناوەرۆکی پەیام جیا نییە، چونکە لەناو هەر تەوژمێکی دیاریکراوی کارلێکدا تەنها یەک چالاکی، یان دەوروبەر نییە، بەڵکو قسەکەرەکان لە نێوان چوارچێوەکاندا بۆ نواندن و لێکدانەوەی کردار دەخولێنەوە، هەروەها دەتوانن دەقی لاوەکی (کاتی) لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا دروستبکەن (Ilie, Cornelia in Wiley, John & Sons, Inc, 2015: 4).

بە پوختی ئاماژە دەوروبەرییەکان چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە ناسینەوە و پەسنکردنیان ئاسان نییە، لەو تایبەتمەندییانەش:

1. پێـوانەیین، نەك جیـا جیـا، زۆربەشـیان نائامـاژەیین و واتاکانیـان بەنـدە بە بەکارهێنانیـانەوە، نەک خاوەنی واتای جێگیر و سەربەخۆ بن، بۆنمـوونە ئـێمە نـاتوانین جیـاوازییە بچـووکە هاوشـێوەکان بژمێرین و پەسنییکەین، بەڵکو دەبێت پشت بە ئامێری ئەلیکترۆنی ببەستین بـۆ دۆکیـومێنتکردن و ناولێنانی جیاوازیی نێوان قسەکردن لە 120 مێگاهێرتز و 150 مێگاهێرتز.
2. زۆرینەی ئاماژەکان هیچ زانیـارییەکی ڕاسـتەوخۆی پێشـنیازکراو هەڵنـاگرن، بەڵکـو خـزمەت بە ئەرکەکانی چوارچێوەسازیی (پەیوەندی لەپێناو پەیوەندی) (metacommunication) دەکەن. ئەم زاراوەیە -وەك سەرەتای پەیدابوونی تیۆرێك- بۆ یەکەمجار لە ساڵی (1951) لایەن هەردوو زانا (Jurgen Ruesch and Gregory Bateson)وە ناسـاند، کە بە واتـای (پەیوەنـدیکردن لەپێناو پەیوەندیکردن) دێت. گرنگی تیۆرەکە زۆر لەوە زیـاترە کە پەیوەنـدیکردن تەنهـا بـابەتێکی گفتوگـۆ بێـت. ئەو دوو زانـایە زاراوەکەیـان وەک "ڕێکخسـتن، یـان سیسـتەمێکی نـوێ - new order"ی پەیوەندیکردن پەسنکردووە، کە هەندێک پەسنی جیـاواز و ئـاڵۆز و داهێـنەر و قـووڵی پێچەوانەیـی لە کـارلێکی کۆمەڵایەتیـدا ڕوونـدەکاتەوە (بـڕوانە: Craig, Robert T. in Jensen, Klaus Bruhn & Craig, Robert T., 2016)، بەم شـێوەیە کاتێـک کەسـێک دەڵێت: "خۆشمدەوێیت"، ئێمە وشەکان بە وردی دەناسینەوە و بیرمان دێتەوە و دەتوانین بەرهەمـی بهێنینـەوە، بەڵام نـاتوانین ڕەهەنـدە ناوشـەییەکانی گـوتنەکە بەو شـێوە وردە بەبیـربهێنینەوە و پۆلێنییکەین، وەك (پەستانی دەنگ و هێز و ئاوازە و تۆن و کوالیتیی دەنگ). زەردەخەنە لە کـاتی ئاڵوگۆڕی گاڵتەجاڕیدا ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ خۆشییەخشین، لەکاتێکدا زەردەخەنە دوای هەڵەیەکـی کۆمەڵایەتی ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ شەرمەزاری. بەرزبوونەوەی تۆن، یـان پـلەی دەنـگ لە کـاتی قسەکردندا، دەکرێـت لەگەڵ ئاماژەکـانی تـردا واتـای تـوڕەیی، یـان گـاڵتەوگەپ بگەیەنێـت (Ilie, Cornelia in John & Sons, Inc, 2015: 6).

لەبەرئەوەی ئاماژە دەوروبەرییەکان بە نائاگایی بەکاردەهێنرێن، جیاکردنەوە و لابردنی ئەرکەکانی دەوروبەر پێویسـتی بە بەکارهێنـانی تۆمـاری ئەلیکترۆنـی و تەکنـیکە سیسـتماتیکەکان بـۆ گەڕانـدنەوەی پێواژۆی هەست و درکپێکردن و دەرئەنجامی قسـەکەرانی ڕەسـەن هەیە (Ilie, Cornelia in Wiley, John & Sons, Inc, 2015: 5). لە نموونەی:

- جلەکەت جوانە.

دەتوانرێت چەند پرسیارێکی لەم شێوەیە لە ئاخێوەرانی ڕەسەن بکرێت:

- چۆن دەزانیت، کە مەبەستی دەربڕینەکە گاڵتەکردن بووە، نەک ستایشکردن؟
- ئەو شـێوازە ئاخـاوتنەی ئـاخێوەر چـۆن بـوو، کە وای لێکردیـت دەربـڕینەکە بە سـووکایەتیکردن لێکبدەیتەوە؟
- دەتوانیت لە دوورەوە پێم بڵێیت، کە ئاخێوەر مەبەستی سووکایەتییە؟
- ئێستا دەتوانیت بە شێوەیەک پێم بڵێیت، کە ببێتە ستایش؟
- ئەگەر کەسێک بەم شێوەیە بیڵێت، ئایا وەک ستایشێک دەردەکەوێت؟ ئایا بە سوکایەتی دەچێت؟
- ئایا بە چ شێوازێك بگوترێت، دەبێتە دەربڕینێکی هەواڵیی ئاسایی؟

- ئایا دەکرێت هەردوو ئاماژەکەی تێدابێت (بۆ نموونە ئاماژە زارەکییەکان بۆ ستایش و ئاماژە جەستەییەکان بۆ سوکایەتیکردن بەکاربهێنرێت)، بۆ فریودانی بەرانبەر لە لێکدانەوەی مەبەستەکە؟

ئەم تەکنیکانە ڕێگەمان پێدەدەن شێوە ڕووکەشە تایبەتەکانی وتارەکە، وەك (هێز، ئاوازە، تۆن، هەڵبژاردنی وشە، شێواز، کۆدگۆڕین، دیاردە بینراوەکان، ...) بە کاریگەریی پەیوەندیکردن و شێوازەکانی لێکدانەوەوە ببەستینەوە. کاتێک بەشداربووانی سامپڵی گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لێکدانەوەی گونجاو بۆ زنجیرەیەکی پەیوەندیکردن پێشکەشدەکەن و بە بەردەوامی سەرنجمان بۆ هەمان تایبەتمەندیی پەیوەندیی ئەزموونی وەک بنەمایەک بۆ ئەو لێکدانەوەیە ڕادەکێشن، ئەوا دەبێتە بەڵگە و سەلمێنەری نەریتە کۆمەڵایەتییە کلتوورییەکان (Ilie, Cornelia in John & Sons, Inc, 2015: 6).

لێکۆڵینەوەی دەوروبەر بەهۆی ئەو بارودۆخەی، کە ئاخاوتنی تێدا ڕوودەدات، پێویستی بە وردبوونەوە لە چۆنییەتیی تایبەتمەندییەکانی گفتوگۆ هەیە (ڕستەسازی، واتا، ئاوازە، ...)، هەروەها چۆن ئەم تایبەتمەندییانە دەبنە سەرچاوە بۆ ڕێکخستنی کارلێک (کرداری هاوئاهەنگ، پیشاندانی ناسنامەکان، هتد)، بۆیە دەوروبەر تیشکی خستووەتە سەر پێویستیی ڕەچاوکردنی چوارچێوەی مێژوویی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی خەڵک، هەروەها چۆن ئەم ڕەفتارانە هەندێک جار بۆ هەڵسەنگاندن و گفتوگۆکردن، یان بەرەنگاربوونەوەی چوارچێوەکان بەکاردەهێنرێن، کە پێشتر پێکهێنراون. ئەمڕۆ، گۆڕانکاریی لە دەوروبەری لێکۆڵینەوەی کارلێک و گفتوگۆ بابەتی نوێ دەوروژێنێت، بیری توێژەران بۆ لێکۆڵینەوە لە "دەوروبەرە لەبیرکراوەکان" ڕادەکێشێت، کە تا ئێستا هەن. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانی وەک زیادبوونی جوڵەی خەڵک و ئابووریی جیهانگیری ئاماژە بە پێویستبوونی "کردنەوەی بازنەی شیکردنەوە" لە چەند ئاراستەیەکدا دەکەن (Saint-Georges, Ingrid de, Chapelle, Carol A., 2013:4).

پێویستە لێکۆڵینەوە (نەک تەنها لە دەوروبەری توێژینەوەکە)، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە توێژەر و پێواژۆی توێژینەوەش بکرێت، لێرەدا دەتوانرێت دوو جۆر پرسیار بکرێت، یەکەمیان ئەوەیە: ئەو دەوروبەرە چییە، کە توێژەر بە ئاسایی وەریدەگرێت؟ بۆ نموونە، شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەیی لەو گریمانەیەدا کاردەکات، کە زۆربەی ڕووبەڕووبوونەوەکان بە ناهاوسەنگیی هێز دەناسرێن، بۆ نموونە پزیشکەکان بەهێزترن لە نەخۆشەکانیان بەهۆی پلەوپایەی زانیارییەوە، ...، کە دەوروبەرێکی دیارینەکراوی زۆربەی توێژینەوەکەیە. ئەمە ئەوە ڕەتناکاتەوە، کە هەندێک حاڵەتی کارلێک لەگەڵ پزیشک و نەخۆشدا بە پێچەوانەوە بەڕێوەدەچن. کەواتە ناوەڕۆکی "ناهاوسەنگی هێز" خۆی دەتوانێت ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوە. پرسیاری دووەم پەیوەندی بەو زاراوەیەوە هەیە، کە (Blommaert) پێیدەڵێت "مێژووی داتا"، بۆ نموونە هەندێک توێژینەوە لە کاتێکی زۆر دیاریکراودا دەنووسرێن، بۆ نموونە لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئێتنۆگرافیدا، پێویستە کۆمەڵێک بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەسی (کە پێکەوە ڕوویانداوە) تۆماربکرێت، بۆئەوەی بتوانرێت ئەو داتا تایبەتانە کۆبکرێتەوە، کە توێژەر پێویستی پێیەتی. لەم ڕوانگەیەوە بەدواداچوون بۆ ئەو بارودۆخانە و ڕوونکردنەوەیان پێویستییەکی توێژینەوەیە (Saint-Georges, Ingrid de, Chapelle, Carol A., 2013:4).

## 3-2- کۆزمانەوانیی کارلێکی و میکانیزمی شیکردنەوەی داتای توێژینەوە

لە توێژینەوە ئەزموونییەکانی شیکردنەوەی کۆزمانەوانیی کارلێکیدا کۆمەڵێک میکانیزم و ڕێوشوێنی بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراون (Gumperz, John in Schiffrin D. et al, 2005: 223):

1. دەستەبەرکردنی تێڕوانینێک بۆ ژینگەی پەیوەندییەکان.
2. دۆزینەوەی جۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە دووبارەبووەکان، بە ئەگەرێکی زۆرەوە داتای باشی لێوە بەدەستدێت.
3. چاودێریکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشداربووە سەرەکییەکان و پشکنینی لێکدانەوەکانیان، ڕێگەیەکە بۆ زانینی چۆنیەتیی مامەڵەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان و پێشبینیکردنی گریمانەکان.

لە قۆناغی دووەمدا، دەرئەنجامە ئێتنۆگرافییەکان بنەمایەک بۆ هەڵبژاردنی ڕووداوەکان دابیندەکەن، کە ڕەنگدانەوەی کارلێککردنی بەشداربووانن.

4. قۆناغی داهاتووی شیکردنەوەکە بە پشکنینی سامپڵە تۆمارکراوەکان لە دوو ئاستدا دەستپێدەکات: (ا) ناوەڕۆک (ب) دەربڕین و لایەنی دەنگسازیی گوتراوەکان.
5. کاتێک ئەو زانیارییانە جیادەکرێنەوە، پێویستە ڕووداوەکان بنووسرێنەوە و دەقەکانی کارلێککردن ئامادەبکرێن و هەموو ئاماژە هەستیارە زارەکی و نازارەکییەکان و هێز و ئاوازە و تۆن و پارازمانی و ... بە هێما بنووسرێنەوە، چونکە قسەکەران و گوێگران "وەک بەشێک لە پێواژۆی بەرهەمهێنان" پشت بەو ئاماژانە دەبەستن.
6. دواتر دەتوانرێت ئەم پەیوەندییانە بە بەراوردکردن لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا بخوێنرێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی گریمانەی گشتیتر سەبارەت بە جێبەجێکردنی دەوروبەری ئاخێوەران.

لە لایەکی ترەوە لێکۆڵەری شیکردنەوەی ئەزموونی لە کۆزمانەوانیی کارلێکیدا، پێویستە چەند مەرج و تایبەتمەندییەکی تێدا بێت، تاکو پێواژۆی کارەکانی بە سەرکەوتوویی بەئەنجامبگات( Jaspers, Jürgen in Gee, J.P.& Handford, M., 2011: 142):

1. پێویستە لێکۆڵەر خۆی داتاکان کۆبکاتەوە، تاکو داتاکان فراوانتر و زیاتر بێت، لێکۆڵینەوەکە دەوڵەمەندتر دەبێت، پێویستە کاری مەیدانیی ئێتنۆگرافیی درێژخایەن لە یەک شوێندا ئەنجامبدات.
2. پێویستە لەو ماوەیەدا خۆی بە ژینگەی پەیوەندیی ناوخۆیی ئاشنابکات.
3. پێویستە زۆرترین شرۆڤە لە بەشداربووانەوە کۆبکاتەوە، چونکە بەبێ ئەم زانیارییە ئێتنۆگرافییانە، ئەستەمە لەو زانیارییە پاشخانانە تێبگەین، کە کارلێککەرانی ئەو ژینگەیە تەنیا لە ڕێگەی ئاماژەی وردەوە پیشانیدەدەن.
4. تۆمارکردن (دیجیتاڵی یان هەر شێوەیەکی تر)ی قسەکردنی سروشتی بنەمایەکی پێویستە، چونکە ئەستەمە کارلێکەکان لە ڕێگەی یادگەوە بیربهێنرێنەوە و بنیاتبنرێنەوە بەو وردەکارییەی، کە پێویستە بۆ دۆزینەوەی ڕێکخستنی سات بە ساتیان، بەڵام کاتێک تۆمارەکان هەبوون، چۆن بمانەوێت دەتوانین پشکنینی گریمانەکان سەردانی دیمەنە تۆمارکراوەکە بکەینەوە بۆ پشکنینی گریمانەکان.

5. نووسینەوەی تۆمارەکان هەنگاوێکی پێویستە، ئەگەرچی دەکرێت ئەم هەنگاوە بەجێبهێڵرێت، بەڵام کە ستراتیژ و داتا دەرهێنراوە گرنگەکان لەسەر کاغەز پیشانبدرێت، زیاتر پراکتیک دەبێت، تاکو بزانیت کام دەرهێنراو گرنگە و بەڕوونی بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەوە بەندە.

داتای توێژینەوە (جگە لە دەقی ئاخاوتن و گفتوگۆکان) بریتییە لە چاودێریکردنی وردی دەوروبەرە زمانی و نازمانییەکانی ئاخێوەران لە چوارچێوەیەکی سروشتیدا، کە لە ڕێگەی تۆمارکردنی دەنگی، یان ڤیدیۆیی ئاخێوەرانەوە دەبێت، ئەمە جگە لە نووسینەوەی وردودرشتی گفتوگۆ تۆمارکراوەکان.

لە لایەکی ترەوە کۆزمانەوانیی کارلێکی شیکاری وردی دەقە تۆمارکراوەکان لە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەدا دەکات، کە لە ڕێگەی کلتور و ئێتنۆگرافیاوە بەدەستیهێناون، بەمپێیە نووسینەوەی وردی سەرجەم زانیاری و پەیوەندییە کارلێکییەکان بە بنەڕەت و سەرچاوەی سەرەکیی داتاکانی میتۆدی کۆزمانەوانیی کارلێکی هەژماردەکرێت.

وێنەی ژمارە (1) شێوازە سەرەکییەکانی شیکردنەوەی داتای توێژینەوە پیشاندەدات، کە لە کۆزمانەوانیی کارلێکیدا بۆ لێکۆڵینەوە لە کارلێکی نێوان پرسە زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان بەکاردەهێنرێن:




بە دەستکارییەوە لە (Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022: 163) وەرگیراوە.

بەمپێیە بە بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە فرەمیتۆدە، لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیەکی گشتگیرتر لە بنیاتنانی واتا و ڕەفتاری کارلێکەکاندا ڕوودەدات.

ئەنجام

پوختەی ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

1. کۆزمانەوانیی کارلێکی جێی بایەخی کۆزمانەوانانە و چەندین زانستی تری وەك (ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ئاینی، ...) سوود لە دەرئەنجامە زانستییەکانی لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییە کارلێکییەکان وەردەگرن و پشتیپێدەبەستن.
2. لە کۆزمانەوانیی کارلێکیدا چەمکی "دەوروبەر" لە سەرجەم بەند و سنوور و چوارچێوەکانی تیۆر و میتۆدە جیاوازەکانی زمانەوانی دەربازکراوە و بوارێکی هەمەچەشنی فرەڕەهەندی پێبەخشراوە، تاکو لە ڕێگەیەوە زانیارییە وردەکان بدۆزێتەوە و واتا شاراوەکانی نێو شیکردنەوەی گفتوگۆ و گوتارەکان دربکێبکات.

3. داهێنانی بنەمای "ئەنجامگریی گفتوگۆیی" و "ئاماژە دەوروبەرییەکان" لە گرنگترین کارەکانی (Gumperz) بوو بۆ شیکردنەوەی واتاکان و هەڵێنجاندنی چەمکە شاراوەکانی گفتوگۆ، جیاوازیی ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە فرەڕەهەند و هەمەلایەنە و سەرجەم کۆزانین و زانیارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و پاشخانییەکانی بەشداربووان پێکەوە تێکەڵدەکات، بۆئەوەی بە ساناییی لە کۆد و هێما زمانی و نازمانییەکان تێبگات، پاشان لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی تەواو بۆ واتا دروست و ڕاستەقینەکان بکات.
4. کۆکردنەوە و وەرگرتنی داتا لە زمانی کوردیدا کارێکی ئاسان نییە و ڕەنگە کێشەی کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە، جگە لەوەش: (ا) شیکردنەوەی ئەو داتایانە زۆرجار ئامێری پێشکەوتووی دەوێت. (ب) پێویستە زمانی کوردی لەو ئامێرانەدا چالاککرابێت، تاکو بتوانێت بیخوێنێتەوە و ئاماژە زارەکییەکانی لێکبداتەوە و تۆن و بەرزونزمی دەنگ و هێز و ئاوازەی دەربڕینەکان شیبکاتەوە و واتاکانی دیاریبکات. (پ) بنەما و تایبەتمەندییە کلتورییەکانی ئاخاوتنی تاکی کورد لە بۆنە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تۆمارنەکراوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1. Alhabuobi, Thanaa, 2021, Analyzing Discourse of Saudi Speakers Using the Integrative Approach (Goffman, Gumperz & Grice), Theory and Practice in Language Studies, Vol. 11, No. 8, pp. 926-935, ACADEMY PUBLICATION.
2. Chapelle, Carol A., 2013, The Encyclopedia of Applied Linguistics, Published 2013, by Blackwell Publishing Ltd.
3. Gordon, Cynthia, 2014, Key Concepts in Intercultural Dialogue, No. 57, 2014, Center for Intercultural Dialogue, http://centerforinterculturaldialogue.org.
4. Irimiea, Silvia Blanca, 2018, The Survival of Interactional Sociolinguistics in the 21st Century, European Journal of Multidisciplinary Studies, Volume 3. Issue 4.
5. J.P. Gee & M. Handford (eds.) 2011, The Routledge Handbook of Discourse Analysis, London: Routledge, p. 135-146.
6. Jensen, Klaus Bruhn & Craig, Robert T., 2016, The International Encyclopedia of Communication Theory and Philosophy, Published 2016 by John Wiley & Sons, Inc.
7. Mirvahedi, Seyed Hadi, 2021, What can interactional sociolinguistics bring to the family language policy research table? The case of a Malay family in Singapore, Journal of Multilingual and Multicultural Development, Published by Informa UK Limited, trading as Taylor & Francis Group.

8. Rampton, Ben, 2017, Interactional sociolinguistics, Tilburg Papers in Culture Studies; No. 175.
9. Schiffrin D., Tannen D. and Heidi E. Hamilton, 2005, The Handbook of Discourse Analysis, First published by Blackwell Publishers Ltd.
10. Sierra, Sylvia, 2023, Contextualization cues for media references in everyday conversation, Language & Communication, Volume 88, January 2023, Pages 99-110, 0271-5309/ 2022 Elsevier Ltd. All rights reserved.
11. Toomaneejindaa, Anuchit and Saengboonb, Saksit, 2022, Interactional Sociolinguistics: The Theoretical Framework and Methodological Approach to ELF Interaction Research, LEARN Journal: Language Education and Acquisition Research Network, Volume: 15, No: 1, January – June 2022, pp. 156-179.
12. Wiley, John & Sons, Inc, 2015, The International Encyclopedia of Language and Social Interaction, First Edition, Bailey, Benjamin, Published 2015 by John Wiley & Sons, Inc.

ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

1. https://dictionary.apa.org/conversational-inference